Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090407

# مافە سیاسیەکان لە دەستورە دیموکراسی و هاوچەرخەکاندا

## (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و بەراوردکاری مافە سیاسیەکانە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان)

أيوب محمد طيب

بەشی زانستە ڕامیاریەکان// کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان// زانکۆی سلێمانی

Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

Keywords

مافە سیاسیەکان.

پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

دەستورە دیموکراسی و هاوچەرخەکان.

Corresponding Author

Ayub.mohamad@univsul.edu.iq

پوختە

ئەگەر لە دەستوری زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی دەق لەسەر ماف و ئازادییە گشتییەکانی مرۆڤ درابێت و وەک دەقێکی دەستوریی دانی پێدا نرابێت و پارێزبەندی دەستوری بۆ دانرابێت، لە بنەڕەتدا ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام بابەتی مافە سیاسیەکان بەهۆی ئەوەی کاریگەری سیاسی هەیەو ڕەنگدانەوەی لەسەر سروشتی سیستەمی سیاسی حوکمڕان هەیە؛ هەر بۆیە ئەم مافانە تایبەتمەندیی پێدراوە لە دەستورەکانداو بە وریاییەوە داڕێژراوەو مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. بەواتا هەرچەندە ئەم مافانە لەدەستورەکاندا بوونی زیاتربێت ئەوا زیاتر گوزارشت لە دیموکراسیبونی دەستورەکە دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی چەمکی مافە سیاسییەکان لەڕووی تیۆریی لەلایەک و شرۆڤەکردنی ئەو مافانەیە لە ڕوانگەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە جیهانی و هەرێمییەکانەوە لەلایەکی ترەوە، لە هەمانکاتدا هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی سروشتی داڕشتنی ئەو مافانە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان/2009 و شیکارکردنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنیان و بەراوردکردنیان بە سروشتی داڕشتنی ئەو مافانە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق2005 و دەستورەکانی هەریەکە لە سویسراو ئەڵمانیاو کەنەداو کۆریای باشور وەک چەند دەستورێکی دیموکراسی هاوچەرخ. ئەوەش بەئامانجی گەشەپێدانی ئەو مافانە لەو پرۆژەیەدا کەلە هەر کاتێکدا لە داهاتوودا دەستوری هەرێم نوسرایەوە یان پێداچونەوە بۆ پرۆژەکە کرا سودی هەبێت.

هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرەڕای بوونی چەندین لایەنی ئەرێنی ئەم مافانە لەپرۆژەکەدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆئەوەی پرۆژەکە لەڕووی داننانی بەمافە سیاسیەکاندا بگاتە ئاستی دەستوری وڵاتە دیموکراسیە هاوچەرخەکان و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت لەسەر سیستەمی حوکمڕانی هەرێم؛ پێویستە گەشەی زیاتری پێبدرێت و دارشتنەوەی چەندین ماددەی تێدا بکرێت کە گونجاوبێت لەگەڵ واقعی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

مافە سیاسیەکان و چۆنێتی پیادەکردنی و خاوەندارێتی کردنی ئەو مافانە هەر لەدێر زەمانەوە بووەتە جێگەی تێڕامانی بیریاران و فەیلەسوفەکان و بەهەند وەرگرتنیان وەک بابەتێکی پڕ بایەخی ژیاری و گرێدراو بە بواری سروشتی حوکمڕانێتی و بەشداری تاکەکان لە کاروباری گشتی بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەک و دابەشکردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و هاوڵاتی بوونیان بەپێی توانای پیادەکردنی ئەم مافانە لەلایەکی ترەوە. لەهەمانکاتدا پێشێلکردنی هەمیشەیی ئەم مافانە فاکتێک بوەو بەردەوام دووبارە بۆتەوەو دەبێتەوە.

لەم سۆنگەیەو لەپێناو پارێزگاری و بەرجەستەکردنی ئەو مافانەدا یاسادانەران و دەستور دارێژەران پۆلێنی مافەکانیان کردووەو لەچوارچێوەی یاساو دەستورەکاندا دایانڕشتۆتەوەو چەسپاندویانە تا مرۆڤەکان بتوانن پاڵپشت بە بنەما یاسایی و دەستورییەکان پراکتیزەی مافەکانیان بکەن و لەهەر پێشێلکارییەکیش پارێزبەندی یاسایی و دەستورییان هەبێت.

بێگومان لە دەستوری زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا ئاماژە بە ئازادی و مافە گشتیەکان کراوەو شتێکی ئاسایی و باوێکی دەستوریە؛ بەڵام بەو پێیەی پراکتیزەکردنی مافە سیاسیەکان ڕەنگدانەوەو کاریگەری سیاسی و لێکەوتەی سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت؛ بۆیە دارشتن و داننانی دەستوری بەمافە سیاسیەکان بەراورد بەمافە ئاسایی و گشتییەکانی دی سروشتێکی جیاوازی هەیە بەجۆرێک ئاستی چەسپاندنی ئەو مافانەش بەپێی سروشتی سیستەمی سیاسی و ئاستی دیموکراسیەتی سیستەمەکە دەگۆڕێت؛ بەو واتایەی هەرچەندە ڕێژەو بوونی ئەو مافانە لەدەستوردا زیاتر چەسپێنرابن ئەوا ئەو دەستورە زیاتر پێناسی دیموکراسیبوونی پێدەدرێت و بەدەستورێکی دیموکراسی ناوزەد دەکرێت. لێرەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەرچاوخستنی مافە سیاسییەکان و ئاستی ڕەنگدانەوەی دیموکراسیبوون لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و ئەو دەستورەی کە بۆ ئەم هەرێمە دادەنرێت لە داهاتودا.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە** : لەسۆنگەی ئەوەی ئاماژەمان پێدا دەتوانین ئامانج و گرنگی ئەم توێژینەوەیە بخەینە ڕوو کە تێیدا هەوڵ ئەدەین شرۆڤەی مافە سیاسیەکان بکەین لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا، وە گرنگترین ئەو ڕەهەندە ئەرێنی و نەرێنیانە بخەینە ڕوو کە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت سەبارەت بەم مافانە، ئەوەش بەراورد بە دەستورەکانی (کۆماری عێراق 2005، سویسرا 2014، ئەڵمانیا2012، کەنەدا 2011، کۆریای باشور 1987) ئەوانەش وەک چەند دەستورێکی هاوچەرخ کە لە هەناویاندا سیستەمێکی سیاسی دیموکراسیان ناساندووەو مافە سیاسیەکانی هاوڵاتیانیان تێدا پارێزراوە. هەموو ئەمانەش بەئامانجی خستنەڕووی بەرچاوڕوونی خوێنەران و هەر دەستەو لیژنەیەک کە بە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا دەچنەوە یاخود دەینوسنەوە لەهەر کاتێکدابێت لە داهاتودا.

**پرسیاری توێژینەوەکە**: دیارە پرسیاری ئەم توێژینەوەیەش لە گرنگی مافە سیاسیەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە لە پرۆژەی (دەستوری 2009)دا گەڵاڵە دەبێت و سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەتی سروشتی دارشتنی ئەو بنەما دەستوریانەی کە تایبەتن بە مافە سیاسیەکان و ئاستی چەسپاندن و داننان و پارێزبەندی ئەو مافانە لە پرۆژەکەدا، یان هەر دەستورێکی نوێ بۆ هەرێم ئەوەش بەراورد بە دەستورە هاوچەرخەکان؛ کەهەموو ئەمانەش بابەتگەلی پرسیارن بۆ توێژینەوەکە.

**گریمانەی توێژینەوەکە**: دەتوانرێت پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی و پرۆتۆکۆڵێکی بەرجەستە سودی لێ وەربگیرێت بۆدارشتنەوەی دەستورێکی نوێ و چەسپاندنی مافە سیاسیەکانی هاوڵاتیان تێیدا لە ئەگەری پێشخستن و دارشتنەوەی بەشێک لەبڕگەو مادەکانی تایبەت بەو مافانە تا بگاتە ئاستی دەستورە هاوچەرخەکانی وڵاتە دیموکراسیەکان.

**میتۆدی توێژینەوەکە**: بێگومان بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە کە پەیوەندیدارە بەچەندین ڕەهەندی یاسایی و وەصفی و شیکاری و بەراوردکاری پێویستمان بە زیاتر لە میتۆدێک دەبێت کە لەمیانەیدا توێژینەوەکەمان ئەنجام بدەین، هەربۆیە بەپێی پێویست هەوڵ دەدەین سود لە میتۆدی شیکاری و یاسایی و بەراوردکاری وەربگرین.

**بۆچی توێژینەوە لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان؟**

سەرەڕای ئەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە کارخراوەو داوا دەکرێت دەستورێکی نوێ بنوسرێتەوە، بەڵام بێگومان ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم پرۆژەیە ڕۆڵ و کاریگەری ئەرێنی خۆی هەیەو پێویستە بە هەند وەربگیرێت و گەشەی پێبدرێت لەبەر ئەم هۆکارانە:

1. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، زۆرترین پێشنیازو سەرنجی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حیزب و لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و کەسایەتی و ئەکادیمیستانەوە پێشکەشکراوە، ئێستاو هەر کاتێک بێت دەتوانرێت سودی لێ وەربگیرێت.
2. ئەو پرۆژەیە تەنها پرۆژەیەکە کەهەموو هەنگاو و ڕێکارە یاساییەکانی بە پایان گەیشتنی بڕیوە لە هەرێمدا جگە لە گشتپرسی نەبێت، ئەوەش بەهۆکاری ناکۆکی لەسەر چەند بڕگەو ماددەیەکی تایبەت بە پرسی سروشتی سیستەم و دەسەڵاتەکانەوە بووە نەوەک مافەکان، هەربۆیە لەهەر کاتێدابێت دەکرێت سودی لێ وربگیرێت لەبوارەکانی تردا.
3. پرۆژەکە وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندو پرۆتۆکۆڵێکی نوسراو دەتوانرێت لەزۆربەی بوارە جوداکان و بەتایبەتی پرسی مافەکاندا بەکاربهێنرێتەوەو گەشەی پێبدرێت و زۆرێک لەبڕگەو مادەکانی وەک خۆی لە دەستوری نوێی هەرێمی کوردستاندا دابنرێتەوەو کاتی پێوە بەفیڕۆ نەدرێت.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، هەرچی بەشی یەکەمە دابەشمانکردووە بۆ دوو باس، کە لە یەکەمیاندا هەوڵدەدەین لایەنی تیۆری چەمک و مەغزای مافە سیاسیەکان ڕوون بکەینەوە، پاشان ئەو مافانە لەڕوانگەی پەیماننامەو ڕێکخراوە

نێودەوڵەتیەکانەوە بخەینە ڕوو. وە بەشی دووەمیش کەلە دوو باس پێکدێت هەوڵ دەدەین مافە سیاسیەکان لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا بخەینە بەرباس لە یەکەمیاندا و پاشان ڕاڤەو هەڵسەنگاندنی گرنگترین لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو مافانە لە پرۆژەی دەستوری هەرێم بەراورد بە دەستوری کۆماری عێراق و چەند دەستورێکی دیموکراسی هاوچەرخ (، سویسرا، ئەڵمانیا، کەنەدا، کۆریای باشور) بکەین لە باسی دووەمیاندا.

## بەشی یەکەم

### مافە سیاسیەکان لەڕووی تیۆرییەوە

مافەکانی مرۆڤ تایبەتمەندییەکی چەسپاوی مرۆڤەکانن کە واتاکانی مرۆڤایەتیبوون ڕەنگرێژ دەکات بەتایبەتی مافە سیاسیەکان و ئازادییە گشتیەکان، واتا لەگەڵ بون و هاتنە ژیانی مرۆڤدا مافەکانیشی دێنە بوون و دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لێی. هەربۆیە لەبەرگرنگی ئەم بابەتە وەک دیاردەیەکی بەرجەستەو هەستیار لەلایەن کۆمەڵەو ڕێکخراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە جەختی لێکراوەتەوە بەجۆرێک کە پاپابەندییەکی نێودەوڵەتی و جیهانی بۆ ئەم بابەتە ڕێسراوەو دانی پێدا نراوە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین لەمیانەی دوو باسدا شرۆڤەی چەمکی مافە سیاسیەکان و بوونی ئەو مافانە لەڕوانگەی پەیماننامەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە بکەین:

### باسی یەکەم

### چەمکی مافە سیاسیەکان

زاراوەی مافە سیاسیەکان کە وشەیەکی تێکهەڵکێشراوەو لە ناوێک و ئاوەڵناوێک پێکهاتووەو، کەئەوانیش وشەی (ماف، سیاسی)، کەبێگومان دەتوانین بڵێین بەشی گرنگ و سەرەکی مافەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە و لەهەمانکاتدا بنەمای سروشتی سیستەمە سیاسیەکان لەڕووی فۆرمی حوکمڕانییان و ئاستی دیموکراسی بوونیان و سەروەربوونی یاسا تێیاندا لەم چەمکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆیە لەلای پەیامبەرە ئاینیەکان و فەیلەسوفان و هزرڤانان و یاسادانەرانەوە گرنگی بەم بابەتە دراوە وەک بەشێکی دانەبڕاو لەژیانی مرۆڤ باسی لێوەکراوە.

کەواتە پێش شیکردنەوەی ئەم چەمکە گرنگە بزانین مەبەست چیە لە وشەی ماف، هەرچەندە کە پێناسەیەک یاخود دیدێکی گستگیرو چەسپاو بۆ ماف لەلایەن زانایان و هزرڤانانەوە نەکراوە، چونکە کەواتە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە مەبەست چیە لەمافە سیاسیەکان؟

بێگومان پێناسەی ئەم چەمکە لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی مافەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە هەروەک ئاشکرایە چەندین پۆلێنی جیاواز بۆ مافە سیاسیەکان کراوە. لەسادەترین پێناسەیدا مافە سیاسیەکان بریتییە لەو مافانەی کە هاوڵاتیان سەر پشک دەکات لەوەی کە بەشداری بکات لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا. (د. خميس دهام حميد، 2006: 110) واتە تاکەکان بەپێی ئەم پێناسەیە ئازادن لەپیادەکردنی ئەم مافانەیان. بەڵام بەلای تێڕوانینیان وەک یەکدی نیەو جیاوازە. لە مەسوعەی سیاسیدا وشەی ماف بەوە هاتووە کە زاراوەیەکی یاساییە، بەواتای ئەو دەسەڵات و توانایەدێت کە یاسا بەکەسێکی دەبەخشێت، تا بتوانێت هەڵبسێت بە کارێکی دیاریکراو.(د.عبدالوهاب الكيالى،1981: 553) بەڵام وشەی ماف (Right) لە زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تریشدا لە ناوەڕکیدا دوو واتا لەخۆ دەگرێت ئەوانیش واتای(مۆراڵ-اخلاق- و سیاسی)ن، کە مەبەست لێ شتێک یان کارێکی دروست کە دەگەڕێتەوە بۆ تاک بەو سیفەتەی کەمرۆڤە.(جاک دونللی، ١٩٩٨: ٢١) بێگومان چەمکی ماف لە چوارچێوەی تیۆرە کلاسیکیەکاندا (النظريات التقليدية) ڕوانگەی سێ ڕێچکەی جیاواز لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە ڕێچکەی کەسیی (المذهب الشخي) بە گوێرەی ئەم ڕێچکەیە چەمکی ماف گرێدراوە بە توانای مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی ویستەکانی (الارادە)، واتە بەبێ بەرجەستەبوونی ئیرادە ماف بوونی نیە، بەڵام بەلای ڕێچکەی بابەتگەراوە (المذهب الموضوعي) ماف بریتییە لە بەرژەوەندیی تاکەکان کە یاسا پارێزبەندی دەکات، وەبەلای ڕێچکەی تێکەڵ یاخود ناوەندگەراوە (المذهب المختلط) ماف هەم ویستەو هەم بەرژەوەندییە کە بەیاسا دەپارێزرێت، هەرچی تیۆرە نوێیەکانیشە (النظريات الحديثة) جەخت لەوە دەکەنەوە کە ماف تایبەتمەندییەکی بەهاداری مرۆڤە بە سیفەتی مرۆڤ بوونی خۆی، بەجۆرێک توانای بەکارهێنانی (التصرف) هەبێت، هەربۆیە بەیاسا پارێزاوەو دانی پێدا نراوە.(د.نعمان عطا الله الهيتي، 2007: 9-97) بێگومان کرۆک و چوارچێوەو مەدلولی ماف بەپێی چەندین پێوەرو پێودانگی مرۆیی لەسەر ئاستی تاک یاخود ئاستی کۆمەڵ دەگۆڕێت، هەر بۆیە دەبینین دیدی جیاوازو تیۆری جیاوازو پۆلێنی جیاوازو پێناسەی جودا بۆ ئەم چەمکە کراوە، بەڵام هەموویان لەوە دا کۆکن کە ئەمە بابەتێکە پەیوەندیدارە بە بوونی مرۆڤەوەو هەر ئەمەشە تیبەتمەندی پێدەبەخشێت و نازناوی (مافەکانی مرۆڤ) وەردەگرێت و لەمافی بونەوەرەکانی تر جیای دەکاتەوە. لە هەمانکاتدا چەمکی مافەکانی مرۆڤ گرێدراوە بە هزری سیاسی گۆڕاو، واتە ئەم چەمکە لە گەشەسەندن و گۆڕانی بەردەوام دایەو هەر ئەوەشە کە وایکردووە لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی ترو بەگوێرەی سروشتی سیستەمی سیاسیەکەیان بگۆڕێت، لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە بەلای هەندێک لە پسپۆڕانی مافەکان و یاساناسانەوە بنەماو چاوگ (المرجع)ی چەمکی مافەکانی مرۆڤ ئەو ڕێکەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتی و هەرێمییانەیە کە دەربارەی مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدراون.(د.حميد حنون خالد،٢٠١٥: ١٩-٢٠)

هەندێکی تر لە توێژەرانی مافەکانی مرۆڤ مافە سیاسیەکان ئەو مامافانەن کە پابەندی جێبەجێکردنی لەسەر خودی تاکەکان دروست دەکات. واتە پیادەی مافە سیاسیەکان و بەتایبەتی بەشداری لەپرۆسەکانی هەڵبژاردنەکاندا وەک ئەرکێکی سەپاو دانراوەو پێویستە پیادە بکرێت ئەوەش بەهۆی گرنگی و تایبەتمەندی ئەو مافانەوە .(د.ارواء فخري عبدالكريم،2010: 2) هەروەها پێناسەی مافە سیاسیەکان دەکرێت بەوەی کە بریتیە لە ئاست و ڕێژەی بەشداری تاک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و حوکمڕانێتی و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانیدا بەو سیفەتەی کە هاوڵاتیەکە تێیدا. هەربۆیە بەم پێیەش

مافە سیاسیەکان زاراوەیەکی یاسایی و سیاسی نوێیە. (عابد خالد رسول، 2012 :21) بەڵام هەندێکی تر لە لێکۆڵەران پێناسەی ئەم چەمکە دەکەن لە ڕوانگەی سودمەندبوونەوە کەبەلایانەوە مافە سیاسیەکان ئەو مافانە دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە دەتوانن بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و حوکمڕانێتی بکەن، واتە مافی بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا، ئەوەش چونیەکە ئەگەر لەڕێگەی بەشداریکردنیێت لە دامەزراوە باڵاکانی حوکمڕانی یاخود ئەگەر بەشداریکردنیێت لەدروستکردنی بریارە سیاسیەکان، یان مافی پێکهێنانی پارتە سیاسیەکان و بەئەندام بوون تێیاندا بێت. (غانم لحسن، ٢٠١٣ :8) بە بۆچونی پرۆفیسۆر "فلیب پرۆ" مافە سیاسیەکان بەشێکن لە مافە یاساییەکان، چونکە یەکسانی یاسایی یاخود یەکسانی لەبەردەم یاسادا بریتیە لە یەکسانی لە مافەکاندا، جا ئەگەر ئەو مافانە مەدەنی بن یاخود گشتی بن یاخود سیاسی، هەر بۆیە ناکرێت جیاوازی بکرێت لەنێوان مافی سیاسی و مافی یاساییدا. (د. عبدالغني بسيوني عبدالله، 2002 :380) واتە بە پێی بۆچوونی "فلیب پرۆ" دەتوانرێت بوترێت کە مافە سیاسیەکان سروشتێکی یاساییان هەیەو هەر بەیاساش پارێزراون، بۆیە یەکسانی نێوان هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا ناچەسپێت و سەروەربونی یاساو دادپەروەری بەدی نایەت بەبێ بەرجەستەکردنی مافە سیاسیەکانی تاکەکان. لەبەرئەوەشە کە پرۆفیسۆر "الصادق الشعبان" جەخت لەوە دەکاتەوە ئەم مافانە زۆر پێویستن بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان چونکە بە بەرجەستە بوونی ئەو مافانە ئازادی و کەرامەتی (ڕێزی) مرۆڤ کامڵ دەبێت لەلایەک و لەهەمانکاتدا بوونی ئەم مافانە واتای گرەنتی و پیادەکردنی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤەکان دەگەیەنێت لەلایەکی ترەوە. (برهان غليون وآخرون ، 2007 :291) هەروەها دەتوانرێت بوترێت کە ئامانج لە جەوهەرو ناواخنی ئەم مافانە لەپێناو دیاریکردنی پاراستنی بەهای هاوبەشی ژیانی مرۆڤایەتیدایە لەهەردوو ڕووی ئۆرگانی و دەرونیەوە. (د.احمد فتحي سرور، 2000 :49) لێرەوەو لە سۆنگەی ئەوەی ئاماژەمان پێدا ئەم مافانە بەلای هەندێک لە لێکۆڵەرانی مافەکانی مرۆڤەوە دوو تایبەتمەندیی وەردەگرن کە بریتین لە: (لطيف عبد الحسين موسى، 2015 :224)

1. ئەم مافانە سروشتێکی داراییان نیە، چونکە نەمامەڵەی داراییان پێوە دەکرێت و نەشایانی ئەوەشن ببنە جێگەی هیچ گرێبەست و ڕێکەوتنێکی بازرگانی و مەدەنی، بۆنمونە ناکرێت مامەڵەی دارایی بەدەنگی هەڵبژاردنەکانەوە بکرێت چونکە ئەوە تاوانە لە ڕووی یاساییەوە.

2. ناکرێت مرۆڤ واز لەم مافانە بهێنێت و دەست بەرداری ببێت بۆ کەسانی دی، چونکە ئەم مافانە وابەستەن بە کەسایەتی هاوڵاتیان و ناکرێت کەسانێکی دی لەبری خاوەنەکەی پیادەی بکات.

کەواتە پرسیاری گرنگ لێرەدا دەربارەی جۆرو شێوازەکانی مافە سیاسیەکانن کە زانایان و لێکۆڵەران و پەیماننامەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دیاریان کردون و لەم چوارچێوەیەدا هەژمارکراون؟

بەبۆچونی هەندێک لە نوسەران و شارەزایان لە دیارترین مافە سیاسیەکان مافی دەنگدان لەهەڵبژاردنەکان و ریفراندۆمە گشتیەکانی دەوڵەت و مافی خۆ کاندیدکردن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیە گشتی و هەرێمایەتیەکان و مافی بەشدار بوون لە پێکهێنانی کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکان و ئەندامبوون تێیاندا دەگرێتەوە. (د. عبدالغني بسيوني عبدالله، ٢٠٠٢: 380) دیارە لەگەڵ ئەوەی کەتەنها پۆلێنێکی گشتگیر نیە کە کۆی ئەم فۆرمەی لەمافەکان لەخۆ گرتبێت و لەهەمانکاتدا ڕای گشتگیری لێکۆڵەران و شارەزایان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەم بوارە لەخۆ گرتبێت؛ بەڵام لەهەمانکاتداو بەشێوەیەکی گشتی لەدیارترین پۆلێنی ئەم مافانەش کە زۆرینەی ڕاوبۆچونی فوقەهاو لێکۆڵەرانی لەسەرە بریتین لەم مافانەی لای خوارەوە: (عابد خالد رسول، ٢٠١٢ :40)

1. مافی بەشداریکردن لە کاروباری گشتی کە ئەم ما مافانە لە خۆ دەگرێت: مافی دەنگدان، مافی هەڵبژاردن و مافی خۆ پاڵاوتن و مافی وەرگرتنی پلەو وەزیفە گشتیەکان.
2. مافی هاوڵاتیبوون (مافی ڕەگەزنامە).
3. مافی گوزارشتکردن لە دەربڕینی بیرو بۆچوون، کە ئەم مافانە لە خۆ دەگرێت: ئازادی بیرو ویژدان (الضمير)و ئاین و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی بەشداربوون لە کۆڕو کۆبوونەوەی ئاشتیانە.
4. مافی پێکهێنانی کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکان یاخود بەشداربوون تێیاندا.
5. هەروەها مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانەو پاراستنی بنەماکانی دادپەروەری.

جێگەی ئاماژە بۆکردنە کە پۆلێنکردن و دیاریکردنی ئەم مافانە ئەوە ناگەیەنێت کە سنورێکی ڕەها لەنێوان هەریەک لەو پۆلێنانەدابێت و مافەکان دابڕاوبن لەیەکدی؛ بەڵکو لەبنەمادا ئەو مافانەو مافە گشتیەکانی تری مرۆڤ پێکەوە تەواوکەری یەکترن و پەیوەندی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکدی هەیە.

بێگومان هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆکردووە کە جەوهەری مافە سیاسیەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆو کارلێکیان بە پرەنسیپ و بنەماکانی دیموکراسیەوە هەیەو ناکرێت باس لە چەسپاندنی حوکمی دیموکراسی و سەروەربوونی یاسا بکرێت بە بێ بەرجەستەکردنی ئەم مافانە لە ڕووی کردەیی و پراکتیکیەوە؛ چونکە هەروەک ئاشکرایە کە پێکهاتەی هەر سیستەمێکی دیموکراسی لەڕووی شکڵ و ناوەڕکەوە خۆی دەبینێتەوە لە راگەیاندنی بنەمای سەروەری گەل؛ ئەوەش وەک سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان؛ بێگومان بەرجەستە بوونی ئەم بنەمایەش لە بەرجەستەبوونی مافە سیاسیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەربۆیە ناوەرۆکی سیستەمی دیموکراسی بریتیە لە داننان بە بەها خودییەکانی مرۆڤ کە ئەوەش یەکانگیرە لەگەڵ بنەمای ڕێزو کەرامەتی مرۆڤ، واتە ڕێزگرتنی بەها مرۆڤایەتیەکان و کەرامەتی مرۆڤ ڕێز گرتنە لەمافەکانی مرۆڤ و پراکتیزەی کردەیی مافە بنەڕەتیەکانە لەلایەن تاکەکان و بەشداریکردنیانە بە شێوەیەکی ئازادانە لە کۆی کاروباری گشتی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا. (راشد غنوشي، 1993 :77) هەربۆیە لەم سۆنگەیەوە بەڕوونی پەیوەندی و سروشتی مافە سیاسیەکان بە بەرجەستەبوونی دیموکراسی و سەروەری یاساوە دەردەکەوێت. هەر لەبەرئەوەشە دکتۆر "حافظ علوان حمادي" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ئەنجامی بێ ناوەرۆککردنی ئەو مافانەی گەلانی جیهانی سێیەمەوەو پابەند نەبوون پێیانەوە لەلایەن زۆربەی حوکمڕانانی وڵاتەکانیانەوە هەمیشە سیستەمە سیاسیەکانیان لەژێر پرسیاری بنەماکانی دیموکراسیدان. (د. حافظ علوان حمادي الدليمي، 2010 :112-113)

لەسۆنگەی ئەوەی باسمانکرد دەتوانین بڵێین مافە سیاسیەکان ئەگەر لەلایەکەوە سروشتێکی هزری نابەرجەستەی هەبێت کە خۆی گوزارشت بکات لە شێوازو فۆرمی بیرکردنەوەی تاکەکان و بیرو ڕایان ئەوا لەلایەکی ترەوە ئەم مافانە سروشتێکی کردەییان هەیەو لە چالاکییە پراکتیک و فیزیکیەکانی هاوڵاتیاندا وەک بەشداری پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکان دەردەکەوێت؛ هەربۆیە

ئەرکی پاراستن و پارێزگاری و ناساندنی ئەم مافانە لەدەستوردا بووەتە بنەمایەکی سەرەکی و پیناسەی دیموکراسی بوونی دەستور یاخود دیموکراسی نەبوونی لەمیانەی ئاست و پێگەی ئەم مافانە لەدەستورەکەدا دەکرێت.

**باسی دووەم**

**مافە سیاسیەکان لەڕو انگەی پەیماننامەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە**

سەرەڕای ئەوەی مافەکانی مرۆڤ وەک بەخششێکی خوایی لەگەڵ دروستبونی مرۆڤ و دەستپێکی ژیاری مرۆڤایەتیدا بوونیان هەبووەو بەشێک بوونە لە تایبەتمەندی مرۆڤبوون؛ بەڵام گەشەکردن و پێشکەوتنی مافەکان زۆر بەسانایی بووەو هێندەی ئاستەنگ بۆ گەشەکردنی مافەکان دروستبووەو پێشێل کراوە هێندە کار لەسەر پێشخستن و ڕێزگرتنی نەکراوە، هەرچەندە لەسەر ئاستی تاک وەک فەیلەسوفان و هزرڤانان قسە لەم بارەو کراوە.(د.حمید حنون خالد،٢٠١٥: ٤٩-٦٤) بەڵام خاڵێکی سەرەتاو قۆناغێکی یەکلاکەرەوە نەبووە تایبەت بەم بوارە؛ هەربۆیە ئەگەر بڕوانینە مێژووی گەشەسەندنی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و مافە سیاسیەکان بەتایبەتی دەبینین بیروڕای جیاواز لەنێوان لێکۆڵەران و شارەزایاندا هەیە دەربارەی سروشتی گەشەسەندنی مافەکانی مرۆڤ و کات و سەردەمێکی دیاریکراو لەم بارەیەوە، کە بەلای هەندێکیانەوە سەرەتای گەشەسەندنی مافەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەو سەردەمی پێشکەوتنی ڕێنسانسی ئەوروپاو هەوڵی فەیلەسوفەکانی وەک مۆنتسکیۆو ڤۆلتێرو رۆسۆ. (د.خالد سعيد توفيق، 1999: 50) بەتایبەت تر لەو ماوەیەدا بزوتنەوەیەکی هزری کە نەزعەیەکی مرۆیی و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و دژ بە ستەم و چەوساندنەوە و بێبەریکردن سەریهەڵدابو کە ئەوەش وەک ڕێچکەیەکی فەلسەفی بەناوی (Humanism)بوو. (غانم لحسن، ٢٠١٣: 14) سەرەڕای ئەنجامدانی چەند ڕێکەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی لەماوەی ساڵانی سەدەی نۆزدەو سەرەتایساڵەکانی سەدەی بیستەم کە پەیوەندیداربوو بە مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی وەک ڕێکەوتننامەی (ڤیەننا-1815) و ڕێکەوتننامەی (لاهای – 1899 و 1907) تایبەت بە نەهێشتنی کۆیلەو بازرگانی پێوەکردنی و چەتەگەری، وە پەیماننامەی (ڤێرسای -1919) و (فاراصوفیا-1932) کە هەموو ئەمانەش سروشتێکی گشتگیریان هەبوو بۆ چارەسەری هەندێک بابەتی دیاریکراوی وەک کۆچبەران و کەمینەکان و.. هتد بوو. پاشان دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم و کاریگەرییە نەرێنی و وێرانکاری و مەترسیدارەکانی لەسەر مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ؛ کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە دروستبوو وەک پێویست نەیتوانی دەستکەوتی گرنگ و کاریگەر لە بواری مافەکانی مرۆڤدا بەدەست بهێنێت، هەربۆیە بابەتی مافەکانی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو گەشەسەندنی گرنگی بەخۆوە نەبینی و بایەخی فەرمی و نێودەوڵەتی و جیهانی وەرنەگرت هێندەی ئەو پێشکەوتن و گوڕانکاریانەی کەلە دوای جەنگی جیهانی دووەم و دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەخۆیەوە بینی لەسەر کۆی ئاستە جیاوازەکانی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتی و جیهانیش. (د.حافظ علوان حمادي الدليمي،٢٠١٠: 146-152)

کەواتە پرسیاری گرنگ لێرەدا دەربارەی گرنگترین پێشکەوتنەکانی مافەکانی مرۆڤە بەتایبەتی مافە سیاسیەکان لەدوای دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (1945)و سروشتی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لەم بوارەدا ڕوویدا؟

بێگومان هەروەک زۆرێک لە نوسەران و شارەزایانی بواری مافەکانی مرۆڤ جەختی لێدەکەنەوە بەدروستبونی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەو هەوڵە نێودەوڵەتیانەی کەلێرەوە دەستی پێکرد دەربارەی داننان بەمافەکان و پێویستی ڕێزگرتن و پاراستنیان، بەشێوەیەکی گشتی ئەو سەردەمە بە قۆناغێکی نوێی گەشەسەندن و پێشکەوتنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت کە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤی لەچوارچێوە ناوخۆییەکانی وڵاتانەوە گواستەوە بۆ ئاستێکی نێودەوڵەتی و بەرگێکی جیهانی بەبەردا کردو پابەندبونێکی نێودەوڵەتی بۆ مافەکان گەڵاڵە کرا. (د.کامران الصالحي، 2000 :58-59) گەر بڕوانین دەبینین هەر لە سەرەتای دیباجەی میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جەخت لە باوەڕبوون بەمافەکانی مرۆڤ و بە کەرامەتی تاکەکان وەک مرۆڤ دەکات کە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت. هەروەها لە بڕگەی سێیەمی ئامانجەکان و پرنسیپەکانی ڕێکخراوەکەدا جارێکی دی پێداگری لەسەر ڕێزگرتنی مافەکان و ئازادییە گشتیەکان دەکات بە بێ جیاوازی ئاین و ڕەگەزو نەتەوەو زمان. (میثاق منظمة الامم المتحدة، ٢٠٢١) هەروەها لەچەندین مادەو بڕگەی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەقدراوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی لەمادەکانی (1و55و56)کە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە پابەند دەکات بەڕێزگرتنی ئەو مافانەو جێبەجێکرنیان. (میثاق منظمة الامم المتحدة، ٢٠٢١) بەبێ ئەوەی پۆلێنی مافەکانی کردبێت و سزایەکی کاریگەری دیاری کردبێت بۆ سەرپێچیکاران، بەڵام لەبەرانبەردا بەلای هەندێک لە شارەزایانەوە بەندەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ڕێسایانەی کە پێویستە ڕێزی لێبگیرێت لە پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا، هەربۆیە سروشتی پابەندییان هەیە بەو سیفەتەی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیەو سەرچاوەکەشی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکانە. (د.کامران الصالحي، ٢٠٠٠ :59)

بێگومان لەگرنگترین کارەکانی ڕێکخراوەکە (کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان) کە لەڕێگەی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە ئەنجامیدا ئەوەش جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بوو لەساڵی (1948). ئەگەر ئەم جارنامەیە بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی مافەکانی مرۆڤ بێت؛ بەڵام دەتوانین بڵێین ماددەکانی (18،19،20،21) بەتایبەتی جەخت لە مافە سیاسیەکان دەکات (*). کەواتە لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا بۆیەکەمجار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی بەشێوەیەکی ووردو ڕێکخراوو پۆلێنکراو ئاماژە بە مافەکان بدرێت و مافە سیاسیەکانیش سروشتێکی جیهانی و پابەندییەکی نێودەوڵەتی وەربگرێت، کە بێگومان ئەم هەنگاوەش بەخاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەم مافانەو چەسپاندنیان وەک پرەنسیپێکی دەستوری و بەدەستهێنانی پارێزبەندی دەستوری بۆیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

بێگومان ڕاگەیاندنی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ بەتەنها هەموو گرەنتیەک نەبوو کە وڵاتان پێوەی پابەندبن و جێبەجێ بکرێت، بەڵکو لە ئەنجامی جیاوازی تێڕوانین و دیدو ئایدیای جیاوازی وڵاتان بۆ مافەکانی مرۆڤ گرفتی جێبەجێکردن و تەفسیری مافەکان و شێوازی بەرجەستەکردنیشی لە نێوان وڵاتاندا دروست بوو، هەربۆیە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی سروشتێکی پابەندی فەرمی ببەخشێت بە جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ ئەوەش لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و پەیماننامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە

یەکگرتووەکان لە ساڵی (1966) پرۆتۆکۆڵی هەردوو پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی دەرکرد. (د. خميس دهام حميد، ٢٠٠٦ :117) دیارە کە ئەوەی گرنگە لێرەدا بەکورتی تیشکێک بخەینە سەری پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکانە.

ئەم پەیماننامەیە بە پێی بڕیاری ژمارە (2200)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (1966/12/16) پەسەندکرا، کە دوای دە ساڵ و لە (1976/3/23) چووە بواری جێبەجێکردنەوە. پەیماننامەکە بە شێوەیەکی گشتی لە دیباجەیەک و شەشە بەش پێکهاتووە، کە (53) ماددەو چەندین بڕگەی لە خۆ گرتووە. (نص العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، ١٩٦٦)

ئەوەی پەیوەندی هەیە بە دیباجەکەوە بەشێوەیەکی گشتی باس لە گرنگی باوەڕی وڵاتان دەکات بە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و پێویستی ڕێزگرتنی ئەو مافانە لەلایەن ئەندامانی پەیماننامەکە، هەربۆیە بۆچونی جیاوازهەیە لە نێوان شارەزایان و شرۆڤەکاران کە تاچەند ئەم دیباجەیە خەسڵەتی پابەندی وەردەگرێت یان نا. بەڵام خاڵێکی گرنگتر ئەوەیە کە دیباجەکە جەخت لەوە دەکات کەئەم مافانە گرێدراون بە کەرامەتی مرۆڤەکان و بەشێکی بنەڕەتی و دانەبڕوان لێی و پێویستە پارێزراو بن، هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کەلە ئێستادا قسەکردن لەسەر کەرامەتی مرۆڤ بووەتە بنەمایەکی دەستوری و بەهای دەستوری هەیەو ئامرازی پاراستنی لە دەستوردا بۆدیاریکراوە. (د.شيرزاد احمد نجار، 2018: 153-169) بەڵکو بەلای هەندێکی تر لە نوسەرانەوە ئەم هەوڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەپایان گەیاندنی هەردوو پەیماننامەکەی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ لە ساڵی (1966) نەک دیباجەکەی هیچ تەفسیرێکی جیاواز هەڵناگرێت، بەڵکو کۆتایی بەو قسەو باسانە (جەدەل) هێنا کە لەسەر بابەتی پابەندبوون یان نەبوونی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ هەبوو، بەجۆرێک ئەم ڕێکەوتننامانە سیستەمێکی یاسایی نێودەوڵەتی چاودێری دروستکردووە بۆ گرەنتی پابەندی و جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکەو ڕێزگرتنی ئەو مافانەی کە ئاماژەی پێدراوە. (د. مازن ليلو راضي و د. حيدر ادهم عبد الهادي، 2006 :97)

هەرچی پەیوەستە بە ناوەرۆکی پەیماننامەکە ئەوە دەتوانین بڵێین کە (بەشی سێیەمی) کرۆک و جەوهەری پەیماننامەکە پێک دەهێنێت، لەو بەشەدا کە لە(21) ماددە پێکهاتووە بەشێوەیەکی وورد ئاماژە بە مافە سیاسیەکان دەکات و داننیان (الاعتراف) پێدا دەنێت و ڕوونیان دەکاتەوە. کە لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بە گرنگترین ئەو مافانە بکەین کە لە بەشی سێیەمدا هاتووەو وەک مافە سیاسیەکان بەمافی بنەڕەتی مرۆڤ یاخود جیلی یەکەم ناودەبرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە: (نص العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، ١٩٦٦: م 6 - 27)

(هەمو کەسێک مافی ژیانی هەیە و پێویستە کەرامەتی پارێزراو بێت، ناکرێت هیچ کەسێک بە ناڕەوا ڕابگیرێت یان دەستگیر بکرێت، هەموو تۆمەتبارێک بێ تاوانە هەتا تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، هەموو کەسێکی تۆمەتبارکراو مافی هەیە داوای چاوخشاندنەوە بەو بڕیارانەدا بکات کە بەسەریدا دراوە لە دادگایەکی باڵاتر، پێویستە مافی هەموو کەس بە یاسا پارێزراو بێت، هەموو کەس یەکسانە لەبەردەم سەروەری یاسادا، هەموو کەس مافی ئازادی بیرکردنەوەو هزرو ویژدان و ئاینی هەیە، بیربۆچونی جیاوازو دەربڕینی مافی هەموو کەسێکە، گردبونەوەی ئاشتیانە مافی هەر کەسێکە، ئازادی دروستکردنی کۆمەڵەو سەندیکا لەگەڵ کەسانی تردا یان بەشدار بوون تێیاندا مافی هەمو کەسێکە، هەموو کەسێک مافی بەشداربوونی هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و گرتنە دەستی ئەرک و وەزیفەو پۆستی حکومی ئەوەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەنجامی بدات یاخود لەڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیەوە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا، بەشداری پرۆسەکانی هەڵبژاردن یان خۆ پاڵاوتن مافی هەر کەسێکە لە پرۆسەیەکی پاک و نهێنی و خولیدا، جیاوازی نەکردن لە نێوان هیچ کەسێک بەهۆی جیاوازی، بیرو باوەڕسیاسی یان نا سیاسی، ئاین، ڕەگەز، نەتەوە، زمان، پاراستنی مافی کەمینەکان و جیاوازی نەکردن لەگەڵیاندا).

کەواتە لە میانەی ئەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی زۆر وورد ئاماژەی بە مافە سیاسیەکان کردووەو ڕوونی کردۆتەوە بە ئامانجی پاراستنی و ڕێزگرتنی ئەو مافانەی مرۆڤ. هەربۆیە بەلای هەندێک لە شارەزایانەوە ئەو سێ کارەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (واتە: میساقی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی 1948و هەردوو میساقی مافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە ساڵی 1966) بە ڕەوایەتی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ (الشرعيه الدولية لحقوق الانسان) ناودەبرێت. (د. حافظ علوان حمادي الدليمي، ٢٠١٠: 156)

بێگومان پێشکەوتن و گرنگیدان بە مافە سیاسیەکان لەم هەنگاوەدا نەوەستاو بەڵکو بەدوای ئەمەشدا چەندین ڕێکەوتنامەی تری نێودەوڵەتی ئەنجامدراو پرۆتۆکۆڵی تایبەت لەم بارەیەوە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، کە هەموو ئەمانە گەیشتنە ئاستێک کە تەنانەت دەست تێوەردانی نێودەوڵەتی لە کاروباری ناوخۆیی و سەروەری وڵاتان لەبەرانبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا شتێکی ئاسایی و یاسایی بووبێت.

## بەشی دووەم

## مافە سیاسیەکان لە پرۆژەی دەستوری هەرێم و چەند دەستورێکی هاوچەرخدا

سەرەڕای ئەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان هەر پرۆژەیەکەو نەبووەتە دەستورێکی فەرمی و دەنگی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانی پێنەدراوەو تەنانەت بەیاسایەک لەکارخراوە، بەڵام پێویستە وەک سەرچاوەیەکی گرنگی دەستورێکی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان شیکارو شرۆڤەی ئەو ماددەو بڕگانەی بکرێت کە تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەت تر ئەوانەی پەیوەندیدارن بە مافە سیاسیەکانەوە، چونکە ئەگەر بابەتی مافەکان لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنە ژیاری و جیهانیەکاندا بەردەوام بایەخی پێدرابێت و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیبێت، ئەوا بێگومان پێویستە لە دەستورەکانیشدا گۆرانکارییان بەسەردابێت و بەرەو باشتر هەموار بکرێن و توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، هەربۆیە لەم بەشەدا لەمیانەی دوو باسدا هەوڵ دەدەین تیشکێک بخەینە سەر ئەو مافانە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا پاشان لە باسی دووەمدا بەراوردیان بکەین لەگەڵ چەند دەستورێکی هاوچەرخدا.

### باسی یەکەم

### مافە سیاسیەکان لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا

مافه سیاسیەکان بەو شێوەیەی کە لە دوا ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان و لەساڵی (2009) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکرا(**). بەشێوەیەکی گشتگیرو فراوان باسیان لێوە کراوەو وەک ماددەیەکی دەستوری ناسێنراون و پارێزبەندی دەستوریان (الحمایە الدستوریە) لە پرۆژەکەدا بۆ بەرجەستەکراوە، کەلە وێنە گستیەکەدا ئەمە بەپنتێکی گرنگ و ئەرێنی ئەژمار دەکرێت بۆ پرۆژە دەستورەکە.

بێگومان لەچوارچێوەی گشتی پرۆژەکەدا دەروازەی دووەم تەرخان کراوە بۆ مافە سەرەکیەکان، کە ئەمەش لە چوار بەش پێکدێت و بەشی یەکەمی ئەم مافانەش تەرخانکراوە بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان، ئەمەش لە (5) ماددەو (41) بڕگەو (9) خاڵ پێکهاتووە. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ مافە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، بەشی سێیەمیش تایبەتە بە مافە نەتەوەیی و ئاینییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان، بەشی چوارەم و کۆتایش کەلە ژێر ناوی (ڕێکەوتن و پەیماننامەو یاسا نێودەوڵەتیەکاندایە) پەیوەستە بەو بەڵێننامانەی کە حکومەتی عێراق چووەتە ناویان دەتوانرێت کەڵکیان لێ وەربگیرێت، لەگەڵ چەند حوکمێکی کۆتایی تایبەت بەمافەکان. (مشروع دستور اقلیم کوردستان –العراق،٢٠٠٩، م: 12-26)

ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا لیژنەی ڕاسپێردراو بە نوسین و دانانی ڕەشنوسی پرۆژەی دەستورەکە لە پۆلێنکردن و داڕشتنی مافە سیاسیەکان بە شێوەیەکی گشتی گەڕاونەتەوە بۆ هەریەکە لە دەستوری عێراقی (2005)و پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکانی (1966)ی نەتەوە یەکگرتووەکان (العهد الدولی للحقوق المدنیة والسیاسیة)و پشتیان بەو پۆلێنە لە مافەکاندا بەستووە یاخود بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی دەقەکانی ڕەشنوسی پرۆژەکەیان دەربارەی ئەم مافانە لەو پەیماننامەیەوە هەڵێنجاوەو وەرگرتووە بە هەمان فۆرم ڕیزبەندی و پۆلێنی بۆ کراوە، هەروەها بەو پێیەی هەریەکە لەمافە مەدەنی و مافە سیاسیەکان تەواو لێک نزیکن و پەیوەندی کارلێکیان لەنێواندا هەیەو تەواوکەری یەکدین، لەم پرۆژەیەشدا هەردوو مافەکە پێکەوە هاتوون و لەدەقی ماددەکانیشدا لێک جیانەکراونەتەوە.

لێرەداو لەمیانەی ئەم باسەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین پۆلێنی مافە سیاسیەکان بەو شێوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە و دەقی لەسەردراوە لەچەند خاڵێکدا بخەینەڕوو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

یەکەم: وەک جەختکردنەوە لە میکانزمی جێبەجێکردنی ئەم مافانە لەلایەک و پێدانی سروشتی باپەندبوون بە کۆی ئەو ماددانەی لە پرۆژەکەدا هاتوون بەسەر کەسانی سروشتی و کەسانی مەعنەویشدا لەلایەکی ترەوە؛ داڕێژەری دەستوری (المشرع الدستوری) پێش ئاماژەکردن بە دەقی مادەکان هەرسێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری پابەند کردووە بە پاراستنی ناوەرۆکی ئەو مافانەی کە لەم بەشەدا هاتوون ئەوەش وەک مافە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیانی هەرێم گوزارشتی لێکراوە. (م:18، ف:اولا، ثانیا، ثالثا) بێگومان مەبەستیش لە پابەند بوونی ئەو دەسەڵاتانە لەوەدا دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی یاسادانان نابێت یاسایەک لەپەرلەمان دەربکات پێچەوانەی ناوەرۆک و ئامانجی ئەو مافانە بن، وەنابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەمیانەی هەڵسان بەکارەکانیدا سنوری ئەو مافانە پێشێل بکات کە ئاماژەی پێدراوە، بەهەمان شێوەش دادگاکانی هەرێمی پابەند کردووە بەوەی لە دەرکردنی هەر حوکم و سەپاندنی هەر بریارێکیاندا پێویستە ڕچاوی ناوەڕۆکی ئەو مافانە بکرێت. چونکە دەقی دەستوری لەسەر مافەکان بەواتای ئەو مافانە لەسەروی هەر یاسایەکەوەن کە پێچەوانەیان بێت و خودی مافەکان گوزارشتن لە یاسایەکی باڵا.

دووەم: لە ژێر ناونیشانێکی سێ وشەییدا (کەرامەت و ژیان و ئازادی) کەهەرسێ وشەکە تەواوکەری یەکترن و پێکەوە واتاو ناوەرۆک بەمافەکان دەبەخشن؛ وەلەمیانەی (20) بڕگەدا داڕێژەری دەستوری دەقی لەسەر کۆمەڵێکی گرنگ لە مافە سیاسیەکان داوە کە دەتوانین بەم شێوەیەی لای خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

1. مرۆڤبوون: مافی ژیان و ئازادی مافی هەموو کەسێکە، هەروەها پاراستن و ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤ ئەرکی هەموو دەسەڵاتەکانە لە هەرێمی کوردستاندا. (م: ١٩، ف/1، 2) بێگومان ئەمەش وەک پرەنسیپێک بەهای دەستوری خۆی هەیەو لە زۆربەی دەستورە هاوچەرخەکاندا دەقی لەسەر دراوە.(د.شیرزاد احمد نجار، ٢٠١٧: 159)

2. مامەڵەی مرۆیانە: مەبەست لەمەش بریتیە لە قەدەغەکردنی ئازاردانی جەستەیی و دەروونی، مامەڵەو ڕەفتاری نامرۆڤانە، سوکایەتی پێکردن، وەرنەگرتنی دانپێدانان (الاعتراف) لەژێر ئەشکەنجەو هەڕەشەو ترساندن. وە هەموو کەسێک مافی بەرجەستەکردنی ئاسایشی کەسیی (شخصی) خۆی هەیە.(م:١٩، ف/ ٣، ٦)

4. ئازادی بیروڕاو پەیوەندیکردن: ئازادی ئاین و بیرو باوەڕو هزرو ویژدان و پەرستش و پیادەکردنی ئازادانەی ڕێوڕەسمی ئاینی بەبێ جیاوازی مافی هەموو کەسێکەو ڕێزگرتنی شوێنە ئاینیەکان و پیرۆزی پەیامە ئاینیەکان پارێزراوە لەهەر جۆرە بەکارهێنانێک بۆ مەبەستی سیاسی و چالاکیەکی تر. هەروەها دەربڕینی ئازادانەو کاری رۆژنامە نوسی و راگەیاندن و..هتد مافێکی دەستوری هەر تاکێکە.(م:١٩، ف/9 ،10، 11)

6. کۆبونەوەی ئاشتیانەو کاری ڕێکخراوەیی: بە پێی یاسا ئەنجامدانی چالاکی مەدەنیانەو دروستکردن و سەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانە مافی هەرکەسێکە لەهەرێم ئەمەش مەرجدار کراوە بەوەی کەئامانج و کاری ئەو کۆمەڵانەو هەڵوێستیان لەگەڵ یاساو دەستوردا پێچەوانە نەبن و دژی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان نەبێت.(م:١٩، ف/17)

7. حیزب و کارحیزبایەتی: دامەزراندنی حیزبی سیاسی مافێکی دەستوری دەستەبەرکراوە، بەڵام بوونی حیزب و کاری حیزبایەتی بەپێی یاسا دەبێت و مەرجدارکراوە بەوەی هەموو چالاکی و پەیڕەوو کارێکیان لەچوارچێوەی بنەما دیموکراسیەکاندا بێت و ڕێز لەئاڵاو سرودی نیشتمانی کوردستان بگرێت، وەنابێت پاشکۆ یان لقێکی حیزبێکی دەرەکی بێت، ڕێگەدراو نیە کە حیزب لەڕێگەی ئامانج و چالاکیەکانیەوە زیان بە سیستەمی دیموکراسی و ژیانی ئاشتەوایی و یەکپارچەیی هەرێم بگەیەنێت و دادگای دەستوری لەمبارەیەوە بریار دەدات. لەهەمانکاتدا هەر قەوارەو ڕێبازێک کە هانی بیروباوەڕی فاشی و توندڕەوی، رەگەزپەرستی؛ تیرۆر،..هتد قەدەغە دەکرێت. پێویستە حیزب سەرچاوەی داهاتی خۆی ئاشکرا بکات بۆ لایەنی تایبەتمەند.(م:١٩ ، ف /17 ، 18)

سێیەم: پرەنسیپی یەکسانی وەک مافێکی دەستوری ماددەیەکی بۆ تەرخانکراوە لەمیانەی سێ بڕگەدا دەقدراوە لەسەرئەوەی کە هەموو کەس بەرانبەر بەیاسا یەکسانە، هەموو چەشنە جیاکارییەک لەسەر بنەمای نەژاد، ڕەگەز، زمان، ئاین، هزر، تەمەن، پێگەی کۆمەڵایەتی،بیروباوەڕ، باری ئابوری و کۆمەڵایەتی

و سیاسی ..هتد، قەدەغەیە. لەهەمانکاتدا پیاوو ژن لەبەرانبەر یاسادا وەک یەکن، ئەرکی حکومەتی هەرێمیشە دەستەبەری ئەم مافانە بکات.(م:٢٠ ، ف/ 1 ، 2 ،3)

چوارەم: مافی هاونیشتیمانی وەک بەشێکی گرنگی مافە سیاسیەکان دەقی لەسەردراوە، بەتایبەتی ئەو برگانەی کە ئاماژە دەدات بەوەی کە هەر هاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستان مافی دەنگدانی هەیە لەهەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن یاخود ڕاپرسییەک کەلە ناو هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدرێت، یاخود بۆی هەیە هەر پۆستێکی گشتی وەربگرێت بەمەرجێک تەمەنی (18)ساڵی تەواوکردبێت.(م :٢١، ف/ 1،2)

پێنجەم: پرەنسیپی دادپەروەری لەدادگاییکردندا وەک بەشێک لە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ لەلایەن داڕێژەری دەستورییەوە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا بەهەند وەرگیراوەو دەقی لەسەر دراوە، دەکرێت لەچەند خاڵێکدا بەکورتی ئاماژەیان پێبدەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1. لەڕووی کاتی دەستگیرکردنی تۆمەتبارەوە پێویستە لایەنی لێکۆڵینەوە لەماوەیەک کە (48)کاتژمێر تێپەڕ نەکات لەپێدانی پەڕاوی لێکۆڵینەوەکەی بە دادگای تایبەتمەند. گرتن و زیندانیکردن تەنها بەپێی یاساو لایەنی دادوەری تایبەتمەند دەبێ، لێرەدا پێویستە ڕچاوی چەند مافێک بکرێت وەک ئاگادارکردنەوەی کەسەکە بەزمانی خۆی لەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی، مافی سود وەرگرتن لە پارێزەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا. وەهەتا ئەو کاتەی تۆمەت ساغ دەبێتەوە بەسەریدا لەدادگاییکردنێکی یاسایی و دادپەروەرانەدا تۆمەتبار بێ تاوانە، وە تۆمەتبار بەهەمان تۆمەت جارێکی تر دادگایی ناکرێتەوە بەبێ بەڵگەی نوێ. هەربۆیە دادگایی کردنێکی دادپەروەرانە مافی هەموو کەسێکە.(م: ٢٢، ف/ 1،2،3،4)

2. نە تاوان هەیەو نەسزا بەبێ بوونی دەقێکی یاسایی، هەروەها بەبێ بوونی دەقێکی یاسایی کاریگەری یاسا بۆدواوە ناگەڕێتەوە بەڵام لەمەشدا باج و ڕەسمەکان ناگرێتەوە، هەروەها کاریگەری یاسای سزایی بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە مەگەر لەبەرژەوەندی تۆمەتباردا بێت. وە چەسپاندنی ئەوەی کە یاسا شتێکی کەسیە. پێویستە ئەو سزایە بسەپێنرێت کەلەکاتی تاوانەکەدا کاری پێکراوە. کەسێک سزادرا لەسەر کەیسێک یان بێ تاوان دەرچوو بوو لێی؛ نابێت جارێکی ترو لەسەر هەمان کەیس دادگایی بکرێتەوە.(م: ٢٢، ف /5،6،7،8)

3. لەدادگای سەربازیدا ڕێگەپێدراو نیە کەسانی سیڤیل دادگایی بکرێت. گرتن و بەندکردن و زیندانیکردن تەنها لەشوێنێکدا دەبێت کە بەیاسا دیاریکراوە، ئەوەش پێویستە لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی حکومەتدابێت. بۆیە پێویستە ڕێز لە ئاین و بیرو باوەڕو بنەما ئاکاریەکانی زیندانیان بگیرێت.(م:٢٢، ف/10،11)

بەشێوەیەکی گشتی و لەمیانەی ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە داڕێژەری دەستوری هەوڵیداوە دەق لەسەر زۆرترین ڕەهەندە جیاوازەکانی مافە سیاسیەکان لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا بدات و وەک یاسایەکی باڵای ڕێزلێگیراو لەهەرێمدا بچەسپێنرێت.

**باسی دووەم**

**مافە سیاسیەکان لە پرۆژەی دەستوری هەرێم بەراورد بەچەند دەستورێکی هاوچەرخ**

بۆئەوەی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی تایبەتمەندی و سروشتی پاراستنی دەستوری (الحمایە الدستوریە) مافە سیاسیەکان بکەین لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەوڵ دەدەین لەم باسەدا ئاماژە بدەین بە بوون و سروشتی دارشتن و چەسپاندنی ئەو مافانە لەدەستورەکانی هەریەکە لە وڵاتانی (کۆماری عێراق، سویسرا ، ئەڵمانیا ، کەنەدا، کۆریای باشور)؛ وە گرنگترین ڕەهەندە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو مافانە لە پرۆژەی دەستوری هەرێم بەراورد بەو دەستورە هاوچەرخانە شیکار بکەین بەو شێوەیەی کەلای خوارەوە لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە:

1. **یەکەم: مافی ژیان و پرەنسیپی کەرامەتی مرۆڤ:**

وەک جەختکردنەوەیەک لە گرنگی و بایەخی ئەم مافە داڕێژەرانی دەستوری هەر لەسەرەتای پۆلێنی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤدا ئاماژەیان بۆکردووە، لەدەستوری هەمیشەیی عێراق مافەکان و ئازادییەکان کە دەروازەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە هەر لەسەرەتای هەردوو بەشی مافەکان و ئازادییەکان بەجیا دەق لەسەر مافی ژیان و کەرامەتی مرۆڤەکان دراوە.( دستور جمهوریة العراق،2005: م/15، م/37/ ف/آ) لەدەستوری سویسرادا لە ماددەی یەکەمی (مافە بنەڕەتیەکان)دا دەقدراوە لەسەر (ڕێزگرتن و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ) دواتریش بەهەمان شێوە دەقدراوە لەسەر مافی ژیان و قەدەغەکردنی لەسێدارەدان (الاعدام). (دستور سویسرا، 2014 : م/7، م/10/ف1) دەستوری ئەڵمانیاش نەک تەنها دەق لەسەر ئەم مافە دراوە بەڵکو بەدوایدا هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی پابەندکردووە بە ڕێزگرتن و پاراستنی.( دستور المانیا، 2012: م/1/ف1) لە دەستوری کەنەدا ئاماژە بە پرەنسیپی کەرامەتی مرۆڤ نەدراوە، لەهەمانکاتدا جەخت لە مافی ژیانکراوەتەوە بۆ هەمو تاکێک کەنابێت کەس لێی بێبەشبکرێت ئەمەش بەستراوەتەوە بەپرەنسیپە بنەڕەتیەکانی دادپەروەرییەوە، لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئازادا.( دستور کندا،2011: م/1، م/7 لەمافە یاساییەکان) لەسەرەتای بەشی دووەمی دەستوری کۆریای باشور کە بۆ ماف و ئەرکەکان دیاریکراوە دەقدراوە لەسەر بەهاو کەرامەتی هەموو هاوڵاتیان، وە دەوڵەتی پابەند کردووە بە دڵنیایی پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان و گرەنتیکردنیان.( دستور کوریا الجنوبیة، 1987 : م10) لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە مافی ژیان و جەختکردنەوە لە کەرامەتی مرۆڤ لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا هاوشانی دەستورە هاوچەرخەکان گرنگی پێدراوەو ئەمەش بەخاڵێکی ئەرێنی دادەنرێت لە پرۆژەکەدا. بەڵام تێبینی دەکرێت کە تەنها دەستوری سویسرا قەدەغەی فەرمانی لەسێدارەدانی کردووە، بەڵام دەستورەکانی تر بێبەشکردن لەژیان یان کۆتو بەندکردنی بە بنەمای یاساییەوە بەستۆتەوە.

**دووەم: ئازادی ئاین و بیروباوەڕو کاری ڕۆژنامەگەری:**

وەک بەشێکی گرنگی مافە سیاسیەکانی مرۆڤ داڕێژەری دەستوریی عێراق لە بەشی ئازادییەکان بەشێوەیەکی کورت و مەرجدار بە زیان نەگەیاندن بە سیستەم و ئادابی گشتی دەقیداوە لەسەر ئازادی گوزارشتکردن لە بیروڕا بەهەموو ئامرازێک، وە ئازادی کاری ڕۆژنامە نوسی و راگەیاندن و بڵاوکردنەوە، وە دەقیداوە لە ئازادی بیروباوەڕو ئاینداری و پیادەکردنی و ڕێزگرتنی و پاراستنی لەلایەن دەسەڵاتەوە.(دستور جمهوریة العراق،2005: م/38/ف/1و2، م/42 ،م43) بەڵام دەستوری سویسرا بەشێوەیەکی وورد ترو بەبێ بونی هیچ مەرجێک دەقی لەسەر ئازادی هەڵبژاردنی ئاین و بیروباوەڕو شوێنکەوتنی هەر گروپێکی ئاینی بەبێ هیچ سانسۆرێک، وە دەقیداوە لەسەر ئەوەی کە دەستور

گرەنتی ئازادی بیروبۆچون و گوزارشتکردن لە ڕای جیاوازو ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری بەهەموو جۆرەکانیەوە دەکات و چاودێریکردنیشی قەدەغەکردووە.( دستور سويسرا، 2014 : م/15، م16، م17) دەستوری ئەڵمانیاش دوو ماددەی تەرخانکردووە بۆ ئەم مافانەو جەختیکردۆتەوە لە پێشێل نەکردنی ئازادی بیرو باوەڕو ویژدان و هەر ڕێبازێکی فەلسەفی، دڵنیایی لە پیادەکردنی دروشم و سروتە (طقوس) ئاینیەکان، هەروەها دەقیداوە لەسەر ئازادی دەربڕینی ڕاوبۆچون و کاری جۆراوجۆری میدیاو ڕۆژنامەنوسی، بەڵام سانسۆر لەسەر ئەم ئازادیانەی بەستۆتەوە بە حوکمی یاسا گشتیەکان و یاسا تایبەتیەکان بە ڕووداو مافی کەسێتی.( دستور المانيا، 2012: م/4، م5) هەرچی دەستوری کەنەداشە بەشێوەیەکی کورت و لە میانەی دووبڕگەی ئازادییە گشتیەکاندا دەقیداوە لەسەر ئازادی ویژادان (الضمير)و ئاین و ئازادی هزرو بیرو باوەڕو ڕاوبۆچون (وە لەنێوانیشیاندا ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئامرازەکانی تری پەیوەندی) کە مافی هەموو کەسێکە.( دستور كندا،2011: م/2/ ف/ آ، ب لەمافە بنەڕەتیەکان) دەستوری کوریای باشوریش بە هەمان شێوەی دەستوری کەندا بەکورتی دەقیداوە لەسەر ئازادی هزر و ئازادی ئاین بۆ هەموو کەسێک، بەڵام داننان (الاعتراف) بە ئاینێک وەک ئاینی دەوڵەت ڕەتکردۆتەوەو چونکە دەوڵەت جیاکراوەتەوە لەکەنیسە، هەروەها دەقیداوە لەسەر ئازادی ڕۆژنامەنوسی و هەر کارێکی چاودێریکردن و سانسۆرکردنیانی قەدەغەکردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئازادییەی مەرجدار کردووە بەوەی کە بەیاسا پێوەری کاری ڕۆژنامەگەری و دامەزراوەکانی دادەنرێت و پێویستە ئەو ئازادییەش پێشێلی مافی کەسانی تر نەکات و زیان نەگەیەنێت بە مۆراڵی گشتی و ئاکاری کۆمەڵایەتی.( دستور كوريا الجنوبية، 1987 : م19، م20، م21) لەمیانی سەرنجدان لە سروشتی ئەوەی ئاماژەمان پێداوە دەتوانین تێبینی دوو خاڵی سەرەکی بکەین کە پەیوەندیدارە بە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەم مافانە لە پرۆەی دەستوری هەرێمدا:

1. بەراورد بە حوکمی ئەو دەستورانەی ئاماژەمان پێدا لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا بەشێوەیەکی زۆر فراوان و گشتگیرتر دەق لەسەر ئەو ئازادیانە دراوە، بەهەمان شێوەی دەستوری هەریەکە لە عێراق و ئەڵمانیاو کۆریای باشور ئەو ئازادییانە مەرجدارکراوەو بەیاسا ڕێکدەخرێت.

2. تێبینی ئەوە دەکرێت کە سروشتی داڕشتنی مەرجی ئازادییەکان لەئاین و ڕۆژنامەگەریشدا لەهەرێم بەجۆرێکە کە بتوانرێت شیکردنەوەی بەجۆرێک بۆ بکرێت کە بۆمەبەستی سیاسی و کۆدو بەندی ئازادییەکان بەکاربهێنرێت؛ بە تایبەتی کە دەڵێت نابێت مزگەوتەکان بۆ چالاکی حیزبی و سیاسی بەکاربهێنرێت، یاخود دەڵێت رادەربڕین و ڕۆژنامەنوسی و راگەیەندنەکان مافی ئازادییان نابێت ئەگەر توانج و تەشەرە بۆسەر مافی خەڵکی و رق و کینە لەنێوان پێکهاتەکان بڵاو بکاتەوە، ئەم شێوازی داڕشتنە لە دەستورەکانی تردا نیەو دەتوانرێت شیکردنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت.

**سێیەم: مافی گردبوونەوەو دروستکردن و بەشداری لە کۆمەڵەو کاری حیزبایەتی:**

ئەم مافانە وەک دیارترین مافە سیاسیەکان پارێزبەندی دەستوری هەیەو دانی (الاعتراف) پێدانراوە؛ دەستوری عێراقی دەقی لەسەر ئەم مافانە داوە بەتایبەتی لە بەشی ئازادییەکان مافی گردوونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانەی مەرجدار کردووە بە زیان نەگەیاندن بە سیستەم و ئادابی گشتیەوە، بەڵام بەبێ بوونی مەرج و بەشێوەیەکی کورت ئازادی دروستکردن و بەشداریکردنی کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکانی گرەنتی کردووە کە بەیاسا ڕێکبخرێت، لەهەمان کاتدا هەموو جۆرە فشارێکی بۆ بەئەندامبون و بەردەوام بوون لەپارت و ڕێکخراوێکدا قەدەغە کردووە.( دستور جمهورية العراق،2005: م/38/ف/3، م/39 ) هەروەها دەستوری سویسرا دەقیداوە لەسەر گرەنتی ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەکان و ئینتیماکردن بۆیان و بەشداری و چالاکیکردن تێیاندا، وە دروستکردن و چوونە ناوسەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکان گرەنتی دەستوری بۆ کراوە، هەر لەو ڕێگەیەشەوە تاکەکان دەتوانن گردبوونەوە ئەنجام بدەن و مانگرتن لەکار رابگەیەنن بەڵام ئەمانە پێویستە لەچوارچێوەی ڕێکخستنی یاسادابێت و ئاشتی نێوان پیشەدارو خاوەن کار بپارێزێت. هەروەها دەستورەکە دەقیداوە لەسەر گرەنتی پاراستنی مافە سیاسیەکان لەلایەک و گرەنتی ئازادی هاوڵاتیان لە گەڵاڵەکردن و گوزارشتکردن لەڕاو بۆچوونی سیاسیان بەوپەڕی دڵنیایی و ڕاستگۆییەوە لەلایەکی ترەوە. لەبارەی پارتە سیاسیەکانەوە دەقدراوە لەسەر ئەوەی کە پارتە سیاسیەکان بەشداری پێکهێنانی ڕاو ئیرادەی گەل دەکەن.( دستور سويسرا، 2014 : م/23، م28، م34، م137) هەرچی دەستوری ئەڵمانیایە ڕێگەیداوە بەهەر گردبوونەوەیەک بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە، ئەگەر لەشوێنی گشتیدا بوو دەکرێت بەیاسا سنورداربکرێت. وە دەقیداوە لەسەرئەوەی کە پێکهێنانی دامەزراوەو کۆمەڵەکان مافی هەموو ئەڵمانییەکە، بەڵام قەدەغەی ئەو کۆمەڵانەی کردووە کە ئامانج و چالاکیەکانیان پێچەوانەی یاسای تاوانەکان (قانون الجنائی)و سیستەمی دەستوری پێکەوە ژیانی نێوان گەلەکانە. دەربارەی پارتە سیاسیەکان بەهۆی بوونی پێشینەیەکی مەترسیدار لە پارتەکانی ئەڵمانیا لە ڕابردوودا داڕێژەری دەستوری ئەڵمانیا مادەی تایبەتی بۆ تەرخانکردووە، لەگەڵ ئەوەی دەقدراوە لەسەر ئازادی پێکهێنانی پارتەکان بەڵام تەواو مەرجداری کردووە بەوەی کەدەبێت پێڕەوپرۆگرامیان کۆک بێت لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکان و سەرچاوەی داهات و شێوازی خەرجیان ئاشکراو ڕوونبێت، سەرەرای ئەوەی کە پێویستە پارتەکان هەموو چالاکی و کارێکی ئەندامانیان دژی دەستورو دیموکراسی نەبێت، یاسا تەواو ئەم بابەتانە دیاری دەکات.( دستور المانيا،2012: م/8، م9، م21) بەڵام دەستوری کەنەدا هەروەک مافەکانی پێشتر زۆر بەکورتی دەقیداوە لەسەر ئازادی گردبوونەوەی ئاشتیانەو ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەکان، بەبێ ئەوەی ئاماژە بدات بە پارتە سیاسیەکان و چالاکیەکانیان.( دستور كندا،2011: م/2/ ف/ ج،د لەمافە بنەڕەتیەکان) هەرچی دەستوری کۆریای باشورە مادەیەکی تەرخانکردووە بۆ شێوازی ڕێکخستنی پارتەکان و کاری سیاسی بەجۆرێک کە دەقیداوە لەسەر گرەنتی ئازادی دروستکردنی پارتی سیاسی و بوونی فرەلایەنی، هەروەها هەندێک مافی بۆ پارتەکان چەسپاندووە کەلە دەستورەکانی تردا ئاماژەی بۆ نەکراوە وەک مافی خاوەندارێتی کارو مافی پاراستنیان لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا کاری حیزبی مەرجدارکردووە بە ئەوەی کە پێویستە پارتەکان دیموکراسی بن لە ئامانج و کارو چالاکی و ڕێکخستنیانداو هەموو کەس بتوانێت بەشداری تێدا بکات، لەحاڵەتی پێچەوانەی ئەمەشدا دادگای دەستوری دەتوانێت هەڵی بوشێنێتەوە. وە لەلایەکی ترەوە دەستور دەقیداوە لەسەر ئازادی بەشداریکردن لە گردبوونەوەو پێکهێنانی کۆمەڵەکان، وەهەرجۆرە چاودێری و سانسۆرێکی لەسەر کۆمەڵەو گردبوونەوەکان قەدەغە کردووە.( دستور كوريا الجنوبية، 1987 : م8، م21/ف1 ،2).

بەسەرنجدان لە خستنەڕووی ئەوەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو مەرجانەی لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا دیاریکراوە بۆ دروستکردنی پارتی سیاسی و کاری سیاسی پارتەکان لە دەستورەکانی تریشدا بوونی هەیە بەرێژەی جیاوازو شتێکی سروشتیە، بەڵام تێبینی دەکرێت کە تەنها لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا دەقدراوە بەوەی نابێت پارتەکان پاشکۆ یان لقێکی حیزبێکی دەرەکی بێت؛ هەر بۆیە ئەگەر ئەم دەقە بە یاسایەک تەفسیر نەکرێت ئەوا دەگونجێت وەک ئامرازێکی دەستوری بۆ مەرامی سیاسی بەکاربهێنرێت دژی هەر پارتێکی سیاسی و بەتایبەتە پارتە ئاینی و ئایدیۆلۆژی و کەمە نەتەوەییەکان. بەڵام دەربارەی گردبوونەوەو چالاکی کۆمەڵەکان بەهەمان شێوە لەپرۆژەی دەستورەکەدا گردبونەوەو خۆپیشاندانی بەستۆتەوە بەڕەزامەندی و بەپێی یاسا؛ هەرچەندە ئەم مەرجە شتێکی نامۆنیەو لەدەستورە هاوچەرخەکانیشدا بوونی هەیە بەڵام لە واقیعدا ئاستی دیموکراسی و ژینگەی سیاسی ئەو وڵاتانە لە عێراق و هەرێم جیاوازەو سەروەربونی یاسا بەکردارەکی چەسپاوەو مافەکان پارێزراون، هەربۆیە لەعێراق و هەرێمیش دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەم دەقە دەستوریانە بەکاربهێنرێت وەک سانسۆرێک بۆ رێگری لە مافی داواکاری گردبوونەوەو خۆپیشاندانەکان کە ئەوەش هەروەک هەندێک لە توێژەران جەختی لێدەکەنەوە.(عارف علوان، 2006: 183-188).

**چوارەم: پرەنسیپی یەکسانی و مافی هاونیشتیمانی:**

لە دەستوری هەمیشەیی عیراقدا داڕێژەری دەستوری ئەم مافە بنەڕەتیانەی بەهەند وەرگرتووە؛ هەربۆیە لەچوارچێوەی مافە سیاسیەکاندا دەقیداوە لەسەر ئەوەی کە عێراقییەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازیکردن بەهۆی رەگەزو نەژادو نەتەوەو رەچەڵەک و رەنگ و ئاین و مەزهەب و بیروباوەڕو ڕاوبۆچون و پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی. وە رەگەزنامەی عێراقی وەک مافی هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی جێگیرکردووە، شێوازی پێدان و لێسەندنەوەی رەگەزنامەی دیاریکردووەو ئەوەی چەسپاندووە کەنابێت بۆ مەرامی سیاسی و نیشتەجێبون و گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتوان رەگەزنامە بەکەس بدرێت. لەلایەکی ترەوە دەقیداوە لەسەر ئەوەی کە هاوڵاتیان بەژن و پیاوەوە مافی بەشداری کاروباری گشتی و سیاسیەکانیان هەیە لەوانەش مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن. سەرەڕای دەقدان لەسەر ئازادی گەشت و هاتوچۆو نیشتەجێبون لەناوەو دەرەوەی عێراق.( دستور جمهورية العراق،2005: م/14، م/18، م/20، م44 ) لە پرەنسیپی یەکسانیدا دەستوری سویسرا وردتر لە دەستوری عێراق و پرۆژەی دەستوری هەرێم دەقیداوە لەسەر مافی یەکسانی لەبەردەم یاساو جیاوازی نەکردن لەبەر هیچ هۆکارێکی وەک ئاین و نەتەوەو رەگەزو زمان و تەمەن و..هتد. لەهەمانکاتدا دەقیداوە لەسەر یەکسانی یاسایی و کردەیی نێوان ژن و پیاو لە مافدا. بەڵام دەربارەی مافی رەگەزنامەو پیادەکردنی مافە سیاسیەکان؛ دەقیداوە لەسەر ئەوەی هەموو سویسریەک مافی وەرگرتنی رەگەزنامەی هەیەو بەیاسا رێکدەخرێت، بەڵام شێوازی پیادەکردنی ئەم مافانەی کە لەرەگەزنامەوە گەڵاڵە دەبن وەک (بەشداری هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپاڵاوتن) گەرەنتی دەستوری کراوەو دابەشکراوە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و کانتۆنەکاندا.( دستور سويسرا، 2014 : م/8، م24، م37، م38، م39) دەستوری ئەڵمانیاش هەرلەسەرەتای دەستورەکەوە دەقیداوە لەسەر یەکسانی هەموو کەسەکان لەبەردەم یاسادا، وە ژنان و پیاوانی لەمافەکاندا یەکسانکردووەو جەختی لەچەسپاندنی کردەیی ئەم پرەنسیپە کردۆتەوەو دادگاشی بەرپرسیارکردووە لەبەرانبەر جێبەجێکردنی ئەمەدا، لەهەمانکاتدا هەرجیاکاری یاخود بەرز نرخاندنێکی (تفضيل) رەتکردۆتەوە لەسەر بنەمای رەگەزو نەژادو زمان و ئاین و..هتد. دەربارەی مافەکانی هاوڵاتیبون و کارکردن لە دامەزراوە گشتیەکاندا دەقیداوە لەسەر ئەو مافە بۆ هەموو ئەڵمانیەک لەهەر ویلایەتێک بێت، کەئەوەش بەپێی تواناو لێهاتووی خۆی دەتوانێت بەدەستی بهێنێت و جیاوازی نەکرێت لە پێدانی پلەو شوێنە گشتیەکان لەسەر هیچ بنەمایەک. لەبارەی دەنگدانەوە دەقیداوە لەسەر ئەوەی هەرکەسێک لە تەمەنی (18)ساڵەوە دەتوانێت بەشداری دەنگدان بکات لە یاخود خۆی بپاڵێوێت بۆ پەرلەمان.( دستور المانيا،2012: م/3، م11، م33، م38/ف2،3/).

هەرچی دەستوری کەنەداشە بەهەمان تایبەتمەندی کورتی خۆی سەرەتا دەقیداوە لەسەر ئەوەی کە مافی هەموو هاوڵاتیەکی کەنەدییە کە دەنگبدات لەهەڵبژاردنەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی و ئەنجومەنی یاسادانان، یاخود خۆی بپاڵێوێت بۆیان. وە بەهەمان شێوەی دەستورەکانی پێشتر جەختیکردۆتەوە لە مافی یەکسانی هاوڵاتیان لەبەردەم یاساو سودمەندبوون لێی بەبێ جیاوازیکردن بەهۆی نەژادو ئەسڵی نەتەوەیی و رەنگ و ئاین و رەگەزو تەمەن و کەم ئەندامی.( دستور كندا، 2011: م/3مافە دیموکراتیەکان) هەروەها داڕێژەری دەستوریی لەکۆریای باشوریش دەقیداوە لەسەر ئەوەی کە هەموو هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، لێکترازان لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشەنبیریدا قەدەغەکردووە بەهەر هۆکاری رەگەزو ئاین و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە بێت، ئەوەی ئەم دەستورە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە داننانێت (لايعترف) بەهیچ تایفەیەکی کۆمەڵایەتی و قەدەغەشی کردووە. لەبارەی مافی هاوڵاتیبونەوە دەقیداوە کە دەنگدان و وەرگرتنی هەر پلەو پۆستێکی گشتی مافی هەموو هاوڵاتیەکە بەو مەرجانەی کە قانون دیاری دەکات.( دستور كوريا الجنوبية، 1987 : م11/ف:1، 2، م14، م24، م25).

بەسەرنجدانمان لەو ماددەو برگانەی کە دەربارەی پرەنسیپی یەکسانی و مافی هاوڵاتیان و هاونیشتیمانیبوون کە لەو دەستورانەدا دەق لەسەر دراوە بەراورد بە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەو مافانەی لەم چوارچێوەیەدا (یەکسانی و هاوڵاتیبون) وەک بەشێک لە مافە سیاسیەکان دەق لەسەردراوە لەلایەن داڕێژەری دەستوریی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی ووردو گشتگیر ئاماژە بە مافەکان کراوەو گرەنتی دەستوریی بۆیان دەستەبەرکراوە، ئەگەر مافێکیش مەرجدارکرابێت بەیاسا یاخود دژ نەبوون و زیان نەگەیاندنی بەسیستەم و ئادابی گشتی و مافی کەسانی ترەوە؛ ئەوا ئەم حاڵەتە هەڵاوێردانە لەدەستورەکانی تریشدا بوونی هەیە، تەنانەت ئەگەر لەدەستورەکانی وەک کۆریای باشور دەق لەسەر مافی خۆ پاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکاندا نەدرابێت، یاخود لە دەستوری کەنەدا زۆر بەکورتی دەق لەسەر ئەو مافانەدرابن ئەوا لەپرۆژەی دەستوری هەرێم ئەم بابەتانە روونترو فراوانتر دەستەبەری دەستوریان بۆ کراوە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا دەربارەی ئاستی پابەند بوون بەدەستورەکان و خراپ تەفسیر نەکردنی ئەو دەقە هەڵاوێردانەیە کە مافەکان سنوردار دەکات بۆ مەرامی سیاسی، واتە پرسیار دەربارەی رێزگرتنی جەوهەری یاساو مافەکانە، چونکە لەو وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتوانەدا هەرچەندە هەندێک دەقیش نەدرابێت بەڵام رێزی مافەکان و بەهای یاساکان دەگیرێت.

**پێنجەم: دادگاو پرەنسیپی دادپەروەری لەدادگایکردندا:**

پرەنسیپی دادپەروەری و کاری دادگاو دادگاییکردن وەک بەشێکی گرنگی مافە سیاسیەکان چوارچێوەیەکی فراوانەو چەندین ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێت، هەربۆیە پارێزبەندی دەستوری بۆ ئەم مافە گرنگانەی مرۆڤ لەدەستوردا بایەخی پێدەدرێت و دەچەسپێنرێت، لێرەدا بەشێوەیەکی کورت و لەچەند خاڵێکدا پوختەی هەڵسەنگاندنی ئەم مافانە دەخەینەڕوو کە لەپرۆژەی دەستوری هەرێم هاتووە (پێشتر ئاماژەمان پێداوە)و بەو شێوەیەی دەق لەسەردراوە لەدەستوری هەریەک لە عێراق و سویسراو ئەڵمانیاو کەنەداو کۆریای باشور، بۆئەوەی بەرچاو ڕوونبین لەئاستی لایەنی ئەرێنی یاخود نەرێنی پرۆژەی دەستوری هەرێم بەو دەستورانە؛ بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1. بەسەرنجدانمان لە شێوازو سروشتی ئەو ماددانەی کە لە هەردوو پرۆژەی دەستوری هەرێم و دەستوری کۆماری عێراق دەقی لەسەر دراوە لەبواری پرەنسیپی دادپەروەری لەدادگاییکردندا بۆمان دەردەکەوێت کە داڕێژەری پرۆژەی دەستوریی هەرێم بەشێوەیەکی سەرەکی و بەهەمان فۆرمی داڕشتنەوە لەزۆربەی مادەو بڕگەکاندا پشتی بە دەستوری عێراقی بەستووەو دەقەکان وەرگێردراون و دانراونەتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دەستوری عێراقدا دەقدراوە لەسەر مافی ئاشکرا بەڕێوەچونی دادگاییکردنەکە بەڵام لەپرۆژەی دەستوری هەرێمدا ئەو مافە دەقی لەسەر نەدراوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە داڕێژەری دەستوریی پرۆژەکە دەقی لەسەر مافێکی گرنگداوە کە لەعێراقدا بەشێوەیەکی گشتی زۆر پێشێل دەکرێت ئەویش (پێویستی ڕێزگرتنی بیروباوەڕی ئاینی و بنەما ڕەوشتیەکانی زیندانیانە) لەکاتێکدا ئەم مافە لەدەستوری هەمیشەیی عێراقیدا دەقی لەسەر نەدراوە.( دستور جمهورية العراق ،2005: م/19. هەروەها مشروع دستور اقليم كوردستان –العراق،٢٠٠٩: م/22).

2. دەستوری سویسرا بەسروشتی خۆی دەستورێکی گشتگیرەو بەدووردێژی (التفاصيل) دەناسرێت، هەر بۆیە بە شێوەیەکی ورد دەقی لەسەر مافی دادگاییکردن و گرەنتی دادپەروەری لەپرۆسەکەدا داوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت کە لەم دەستورەدا ئاماژەی بۆکراوەو لەپرۆژە دەستوری هەرێمدا نیە بریتیە لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا بێجگە لەو حاڵەتانەی کە یاسا ڕێگری لێکردوون، هەروەها داڕێژەری دەستوریی سویسری ڕچاوی بارودۆخی ئابوری تۆمەتباری کردووەو دەقیداوە لەسەر هاوکاریکردنی دارایی تۆمەتبار لەلایەن حکومەتەوە بۆ بەڕێوەچونی دادگاییکردنەکەی ئەگەر توانای دارایی نەبوو. لەلایەکی ترەوە لەدەستوری سویسرادا دەقدراوە لەسەر پێویستی دادگاییکردن لە شوێنی دانیشتنی تۆمەتبار. کەواتە بێجگە لەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێداون دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی کۆی ئەو ڕەهەندانەی تری پەیوەنداره بەمافی دادگاییکردن و دادپەروەرییەوە کەلە دەستوری سویسرادا دەقی لەسەر دراوە لەدەستوری هەرێمیشدا ئاماژەی بۆکراوەو دەقی لەسەر دراوە.( دستور سويسرا ، 2014 : م/29، م29/ ، م30، م31، م32، م33. هەروەها مشروع دستور اقليم كوردستان –العراق،٢٠٠٩: م/22).

3. دادگاییکردن و بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگایکردنەکە لەدەستوری ئەڵمانیادا بە پێچەوانەی زۆربەی بوارەکانی ترەوە بەشێوەیەکی کورت دەقی لەسەر دراوەو پرەنسیپی دادپەروەریش بەشێوەیەکی گشتی بە چۆنێتی سنورداركردنی ئازادییەکان بەیاساوە (تقييد الحريات بالقانون) بەستراوە، هەربۆیە لەسەر شێوازو ڕێوشوێنەکانی پرۆسەی دادگاییکردن هەر لەئاگادار کردنەوەو دەستگیرکردن و وەرگرتنی وتەو چەسپاندنی بڕیاری دادگا بە کورتی دەقدراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە تێبینی دەکرێت کە دەستوری ئەڵمانیا بەراورد بە پرۆژەی دەستوری هەرێم زۆر کورتتر ئاماژەی بەڕەهەندە جیاکانی ئەم بوارەکردووەو زۆر لایەنی گرنگی دادگاو دادگاییکردنی دادپەروەرانە دەق نەدراوە لەدەستورەکەدا، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئەمانە بەواتای کەموکوڕی دادپەروەری دێت لەو وڵاتەدا؟! بێگومان ئەگەر چەندین ڕەهەندی دادپەروەری لەڕووی تیۆریەوە ئاماژەی پێنەدرابێت ئەوا بە یاسا ڕێکخراوەو بەواتای ئەوە نایەت لە پراکتیکدا بەرجەستەی پرەنسیپی دادپەروەری ناکرێت و نادادی بوونی هەبێت لەو وڵاتەدا. ( دستور المانيا، 2012: م/103، م104. هەروەها مشروع دستور اقليم كوردستان –العراق،٢٠٠٩: م/22).

4. ئەگەر سروشتی داڕشتنی دەستوری کەنەدا پوخت و کورت بێت لەزۆرینەی دەقەکانیدا؛ ئەوا بەپێچەوانەوە مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانەو دادگاکان بەشێوەیەکی گشتگیرو فراوان دەقی لەسەر دراوەو داڕێژەری دەستوریی کەنەدی بەووردی زۆرینەی ڕەهەندەکانی پرەنسیپی دادپەروەری ئاماژە پێکردووە، واتە دەتوانین بڵێین ئەگەرچی ئەم دوستورە ئاماژەی بەچەند ڕەهەندێک نەکردووە کەلە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا هەیە وەک دەقنەدان لەسەر مافی بەندییان (حوکم دراوان)و جیاوازی نەکردن لە نێوانیان و دیارینەکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆکردنەوەی پەڕوای لێکۆڵینەوە؛ بەڵام ئەم دەستورەش هەندێک دەقی داوە کە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا نیە وەک ئاشکرا بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردن و دابینکردنی وەرگێڕ بۆ شاهێدەکان یان تۆمەتباران ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت (لاڵ) بوو یان شارەزای زمانی دادگا نەبوو. واتە دەتوانین بڵێین مافی دادپەروەری لەپرۆژەی دەستوری هەرێم بەراورد بەدەستوری کەندا لە ئاستێکی گونجاودایە، لەزۆربەی ئەو دەقانەدا هاوشێوەن کە تایبەتن بەم مافانەوە.( دستور كندا،2011: م/7 - م/14 لەمافە یاساییەکان. هەروەها مشروع دستور اقليم كوردستان –العراق،٢٠٠٩: م/22).

5. بەسەرنجدان لە سروشتی داڕشتنی مافی دادگاییکردن و پرەنسیپی دادپەروەری لە دەستوری کۆریای باشوردا بەڕوونی دیارە کە داڕێژەری دەستوریی لەو وڵاتەدا بەشێوەیەکی هەمەلایەنەو دورودرێژ دەقی لەسەر زۆرینەی ئەو ڕەهەندانە داوە کە پەیوەیستن بەم بوارەوەو گرەنتی پارێزبەندی دەستوری بۆ ئەم مافە گرنگانەی مرۆڤ لە کۆریای باشوردا دەستەبەر کردووە. هەربۆیە لە هەڵسەنگاندنی ئەم بەشەی مافە سیاسیەکان لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەدەستوری کۆریا دەبینین کە هەردوو دەستورەکە بەشێوەی گشتگیر دەقیان لەمافەکان داوە، لەهەمانکاتدا لەهەردوو دەستورەکەدا چەندین ماددەی لێکچوو هەیە (وەک: قەدەغەکردنی بەندکردن و دەستبەسەرکردنی هیچ کەسێک بەبێ ئاگادارکردنی لە هۆکارەکەی..) یاخود چەندین ماددەی جیاوازیان لەم بارەوە دەقدراوە (وەک: لەدەستوری کۆریا دەقدراوە لەوەی کە دەکرێت کەسانێک لەدادگای سەربازیدا دادگایی بکرێن کە لەخزمەتی سەربازیشدا نەبن لەهەندێک حاڵەتی تاوانی پەیوەندیدار بە زانیاری گرنگی نهێنی سەربازی یان پێدانی خۆراک و خواردنەوەی خراپ..هتد ، کەئەمە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا نیە، لەهەمانکاتدا لەپرۆژەکەی هەرێمدا دەقدراوە لەوەی کە سزا شتێکی کەسیی- شخصی-ە بەڵام لەدەستوری کۆریادا نیە).( دستور كوريا الجنوبية،1987 :

م12، م13، م27، م28. هەروەها مشروع دستور اقليم كوردستان – العراق،٢٠٠٩: م/22) واتە لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی کەم بەڵام دەقدان لەم مافانە لەنێوان هەردوو دەستورەکەدا بەڕێژەیەکی زۆر لێک نزیکن.

لەسۆنگەی ئەوەی لەم باسەدا هەڵسەنگاندنمان بۆ کردووە دەتوانین بڵێین مافە سیاسیەکان بەشێوەیەکی گشتی کە لەپڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان چەسپێنراوە، بەراورد بەمافە سیاسیەکان کە لە دەستوری هەر یەکە لە عێراق و سویسراو ئەڵمانیاو کەنەداو کۆریای باشوردا هاتووە، ئەگەر لەهەندێک ڕەهەندەوە کەموکوڕی تێدابێت و داڕێژەری دەستوریی پرۆژەکە ئەو بوارانەی بەهەند وەرنەگرتبێت؛ ئەوا لە هەمانکاتدا چەندین لایەنی ئەرێنی پۆزەتیڤی تێدایە کە هاوکۆکە لەگەڵ دەستورە هاوچەرخ و دیموکراسیەکان کەلە وڵاتە پێشکەوتوو دیموکراسیەکاندا پەیڕەوی لێ دەکەن، ئەمەش بەو واتایەی کە شێوازی دارشتن و دەقدان لەسەر ئەم مافانە لەپرۆژەی دەستورەکەدا لەزۆر ڕەهەندەوە گونجاوە لەگەڵ سروشت و ناوەڕۆکی مافە سیاسیەکان کەلە دەستورە هاوچەرخ و ڕێکخراوە جهانییەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانەوە دەقی لەسەر دراوەو چەسپێنراوە.

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەو دوای شرۆڤەو شیکارو هەڵسەنگاندنمان بۆ مافە سیاسیەکان لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و بەراوردی بە چەند دەستورێکی هاوچەرخ گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

1. مافە سیاسیەکان وەک بەشێکی سەرەکی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە پۆلێنکردندا یەکێکە لەو مافانەی کە بە جیلی یەکەمی مافەکان ناسێنراون لەسەر ئاستی جهاندا، هەربۆیە بوونی کەموکوڕی ئەم مافانە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی نەرێنی لە سیستەمی دیموکراسی سیاسی و فەرمانڕەوایی هەرێمدا دەبێت.

2. داڕێژەری دەستوریی هەرێمی کوردستان لە شێوازی پۆلێنکردن و دارشتنی مافە سیاسیەکان بەشێوەیەکی گشتی بەهەمان فۆرم و دارشتنی (پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆمافە مەدەنی و سیاسیەکان-1966) دەقی لەسەر ئەو مافانە داوە؛ ئەمەش ئەگەر لەلایەکەوە بە خاڵێکی ئەرێنی دابنرێت لەهەمانکاتدا لایەنی نەرێنیشی تێدا بەدی دەکرێت چونکە دەقدان لەو مافانە لەپەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا سروشتێکی گشتگیریان هەیە بۆ هەموو وڵاتانە، بەڵام بۆ هەرێم دەکرێت لەبری ئەو تایبەتمەندییە گشتگیرییە تایبەتمەندی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بەهەند وەربگیرێت و دابرێژرێت.

3. بەراوردو هەڵسەنگاندنی مافە سیاسیەکان لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بە دەستوری ئەو وڵاتانەی باسمانکردوون لە واقیعدا دەمان گەیەنێتە دوو فاکتی سەرەکی:

آ. مەرج نیە دەقدان لەسەر مافەکان بەیەک فۆرم و شێواز دابرێژرێت لەرووی شکڵ و قەبارەو ناوەڕۆکیشەوە، بەڵام چەسپاندنی پارێزبەندی دەستوریی بۆ مافەکان بەهاو بایەخی خۆی هەیەو دەستورە هاوچەرخەکان فەرامۆشیان نەکردووە.

ب. مەرج نیە ئەوەی لەدەستوردا دەقی لەسەر بدرێت لە واقیعشدا پراکتیزە بکرێت و بەرجەستەبێت، یان بەپێچەوانەوە مەرج نیە ئەوەی دەقی لەسەر نەدرێت لەواقیعدا فەرامۆش بکرێت، بۆنمونە دەستوری کەنەدادا دەقی لەسەر زۆربەی مافەکان بەکورتی داوە، یاخود هەر نەیداوەو زۆریشیانی مەرجدار کردووە؛ بەڵام لەواقیع و پراکتیکدا مافەکان پارێزراون، لەهەمانکاتدا دەستوری عێراق بەشێوەیەکی فراوان و وورد دەقی لەسەر مافەکان داوە بەڵام لە واقیعدا پێشێلکاری مافەکان زۆرە، هەربۆیە گرنگی دەقە دەستورییەکان لە ڕێزگرتن و جێبەجێکردندایە بە پلەی یەکەم.

4. لەمیانەی بەراوردکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەهەر یەک لەو دەستورانەی کە لە توێژینەوەکە ئاماژەمان پێداوە ئەوە بەدی دەکرێت کە داڕێژەری دەستوریی لەهەرێمی کوردستان گرنگی زۆری بە مەرج و ئەرکەکان داوە، بەڵام وەک پێویست دەقی لە سەر سروشتی بەرجەستەکردنی مافە سیاسیەکان نەداوە، بۆنمونە لەکۆی پێنج برگەی تایبەت بە پارتە سیاسیەکان تەنها برگەیەکیان دەربارەی مافەکانیانە بەڵام چوار برگەیان دەربارەی مەرج و ئەرکی پارتەکانە.

## پێشنیارەکان:

لەمیانەی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەهەر یەک لەدەستورەکانی (عێراق و سویسراو ئەڵمانیاو کەنەداو کۆریای باشور) دەتوانین چەند پێشنیارێک بخەینەروو:

آ. پێویستی دەقدان لەسەر مادەیەک دەربارەی مافی ئازادی گردبونەوەو خۆپیشاندان بۆ دەربڕینی داواکاری و ڕادەربڕین و نارەزایەتی هاوڵاتیان تەنها بە ئاگادارکردنی لایەنی حکومی لەو گردبونەوەیە؛ نەوەک بە وەرگرتنی مۆڵەت و ڕەزامەندی پێشوەختەیان.

ب. لە بارەی پارتە سیاسیەکان و کارکردنی سیاسی تێیاندا ماددەیەک زیادبکرێت دەربارەی:

• قەدەغەکردنی فشارو زۆرلێکردنی ماددی و مەعنەوی بۆ چونە ناو پارتێکی سیاسی یان مانەوە تێیدا یان ناچارکردنی کەسێک بە دەنگدان لە بەرژەوەندی کەسێک یان لایەنێک.

• قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دام ودەزگا فەرمیەکان وەک فشارێک لەلایەن پارتەکانەوە (وەک دامەزراندن، پێدانی پلەو پۆست) بۆ ناچارکردن بەدەنگدان و ئەندامبوون لەبەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی.

• پابەندکردنی پارتە سیاسیەکان بە جێبەجێکردنی بنەماکانی دیموکراسی لە ناوخۆی پارتەکان و ئەنجامدانی کاری سیاسیان لە هەرێمدا.

ج. هەروەکو دەستورەکانی سویسراو ئەڵمانیاو کەنەدادا پێویستە لە کۆتایی دەقدان لەسەر مافەکان، بەدەقێکی دەستوری سنورداركردن یاخود کۆت و بەندکردنی مافەکان (تقييد الحريات) روون بکرێتەوە، ئەوەش پێویستە بەشێوەیەک بێت کە جەوهەری مافەکان پێشێل نەکات و ڕێگری لە هەر تەفسیرێک بکات کە ئامانجی پێشێلکردنی مافەکان بێت.

د. زیاد کردنی ماددەیەک لەمافەکانی دادگاییکردندا دەربارەی ئاشکرا بەڕێوەچوونی کۆی پرۆسەی دادگاییکردنەکەو لەشوێنی نیشتەجێبوونی تۆمەتبارەکە دادگاییکردنەکە بەڕێوەبچێت.

## تێبینی پەراوێزەکان:

* : دەقی ماددەی (18): (هەموو کەسێک مافی ئازادی بیرو ویژدان و ئاینی هەیە، ئەمەش ئەم مافانە دەگرێتەوە: ئازادی لە گۆڕینی ئاین و بیروباوەڕی، ئازادی لە دەرخستنی ئاین و بیروباوەڕی ئەوەش بە خواپەرستی و ئەنجامدانی دروشمەکانی و فێربوونی و پیادەکردنی..) دەقی ماددەی (19): (بۆ هەموو

کەسێک مافی چێژوەرگرتنی هەیە لە ئازادی بیروبۆچون و گوزارشتکردن لێی، کەئەمەش ئازادی لە بیروباوەر بەبێ تەنگ پێهەڵچنین و ... دەگرێتەوە). دەقی مادەی (20): 2- نابێت هیچ کەسێک ناچار بکرێت بۆ ئەوەی ئینتمای بۆ کۆمەڵەیەکی دیاریکراو هەبێت. هەروەها دەقی ماددەی (21) بریتیە لە: 1-مافی هەموو کەسێکە کە بەشدار بێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتەکەیدا، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان لەرێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرێکی بەشێوەیەکی ئازادانە. 2- مافی هەموو کەسێکە کە بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ئەوانی تردا وەزیفەی گشتی لەوڵاتدا وەربگرێت. 3- ئیرادەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە، پێویستە ئەو ئیرادەیە دەربکەوێت لە میانەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردا، کە بەشێوەیەکی خولی و دەنگدانی گشتی بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان دەنگدەراندا بەڕێوەبچێت بەدەنگدانی نهێنی کە ئەوپەڕی ڕێکارەکانی ئازادی تێدا گرەنتی کرابێت. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ماددەکانی تری جارنامەکە بڕوانە: نص الاعلان العالمي لحقوق الانسان، متاح على الموقع الرسمي لمنظمة الامم المتحدة، https://www.un.org/ar/sections/un-charter/preamble/index.html .

** : ڕەشنوسی کۆتایی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی (96) پەرلەمانتار کە زیاتر بوو لە دوو لەسەر سێی پەرلەمانتارانی کوردستان پەسەندکرا لە دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی دووەمی پەرلەمان لە (2009/6/24)، بۆ ئەوەی لە راپرسییەکی گشتیدا بکرێتە بەردەمی هاوڵاتیان لە (2009/7/25) لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان تا پەسەندی بکەن وەک یەکەم دەستوری هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئامادەیی ئەوەیان نەبوو لەوکاتەدا ئەو راپرسییە ئەنجام بدەن و بەنوسراویان ژمارە (خ/1340/9/لە 2009/7/6) پۆزشی هێنایەوە بۆ پەرلەمان، بە هۆی کێشەی کات و تەکنیکیەوە و پێشنیاری 2009/8/11 یان کردبوو، بەڵام دواتر لە دانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(4) لە 2009/7/9 بڕیاریدا کە کاتێکی گونجاو بۆ راپرسیەکە دیاری بکرێت بە هاوهەنگی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەن پەیوەندیدارەکان. بەڵام دواجار ئەم ڕەشنوسە نەکرایە دەنگدان و راپرسی لەسەر نەکرا بەهۆی نەبوونی سازانی گشتی و فراوان بوونی نارەزایەتیەتی خەڵکی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشێکی لایەنە سیاسیەکان. هەربۆیە ئەم ڕەشنوسە لە خولی چوارەمی پەرلەمان و بەپێی یاسای ژمارە(4) ساڵی (2015/ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان-عێراق بۆ راپرسی) پەرلەمانی کوردستان لە ( 2015/4/13) لەکاربانخست و بڕیاردرا کەلەماوەی (30) رۆژ تێپەڕ نەکات لیژنەیەکی نوێ بۆ ئەم مەبەستە پێکبهێنرێت. دواتر هەرچەندە لیژنەکە لە (21) ئەندامی لایەنەکان پێکهات و هەنگاوێکی باشی لە کارەکانی بڕی بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی هەرێم و گرژی نێوان لایەنەکان کارەکانی لیژنەکە وەستاو پرۆژەکەش ئامادە نەکرا.

بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: برلمان كوردستان -العراق ، المحاضر، المجلد 53 ، 2009، ص ص240-402. هەروەها دەقی (قانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٥ الصادر من برلمان كوردستان -العراق) ، متاح على الموقع الرسمی لبرلمان كوردستان – العراق : https://www.parliament.krd/business/legislation .


**لیستی سەرچاوەکان:**

**اولا: الدساتیروالقو انين والوثائق:**

1. برلمان كوردستان -العراق ، المحاضر، المجلد 53 ، 2009.
2. دستور المانيا1949 المعدل في 2012.
3. دستور جمهورية العراق، ٢٠٠٥.
4. دستور سويسرا 1999 المعدل في2014.
5. دستور كندا 1867 المعدل في 2011.
6. دستور كوريا الجنوبية 1948 المعدل في 1987.
7. قانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٥ الصادر من برلمان كوردستان - العراق
8. مشروع دستور اقليم كوردستان –العراق الموافق عليه في (٢٤-٦-٢٠٠٩).

**ثانيا: الكتب :**

9. د.احمد فتحي سرور، الحماية الدستورية للحقوق والحريات، دار الشروق، القاهرة، 2000.
10. برهان غليون وآخرون، حقوق الانسان الرؤى العالمية والاسلامية والعربية، ، مركز دراسات الوحدة العربية (سلسلة كتب المستقبل العربي - 41)، بيروت، ط2، 2007.
11. جاک دونللى،حقوق الانسان العالمية بين النظرية والتطبيق، ت: مبارک علي عثمان، المكتبة الاكاديمية، القاهرة، ١٩٩٨.
12. د. حافظ علوان حمادي الدليمي، قراءة معاصرة لموضوعة حقوق الانسان، كلية القانون والسياسة/ جامعة السليمانية، 2010.
13. د. حميد حنون خالد، حقوق الانسان، دار السنهوري، بغداد، ٢٠١٥.
14. د. خالد سعيد توفيق، محاضرات في حقوق الانسان ، جامعة صلاح الدين-اربيل، 1999.
15. راشد غنوشي، الحريات العامة في الدولة الاسلامية،مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت،1993.
16. عابد خالد رسول، الحقوق السياسية في الدساتير العراقية-دراسة تحليلية مقارنة في على ضوء المتغيرات السياسية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية،2012.
17. عارف علوان، الدستور الجديد ومشكلة الحريات، في مأزق الدستور –نقد وتحليل، مجموعة من المؤلفين، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد-بيروت، 2006.
18. د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية- دراسة لنظرية الدولة والحكومة والحقوق والحريات العامة في

الفكر الاسلامي والفكر الاوروبي، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2002.

19. د.عبدالوهاب الكيالى، موسوعة السياسية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨١.

20. د. كامران الصالحي، حقوق الانسان والمجتمع المدني بين النظرية والتطبيق- دراسة تأصيلية وتحليلية سياسية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ط٢ ، ٢٠٠ 200.

21. د. مازن ليلو راضي و د. حيدر ادهم عبد الهادي، المدخل لدراسة حقوق الإنسان، الاكاديمية العربية في الدنمارك، 2006.

22. د.نعمان عطا الله الهيتي، حقوق الانسان –القواعد والاليات الدولية، دار ومؤسسة رسلان للطباعة والنشر، دمشق، 2007.

**ثالثا: رسالة الماجستير:**

23. غانم لحسن، الحماية الدستورية للحقوق السياسية للمرأة في الجزائر، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى كلية الحقوق –بن عكنون بجامعة الجزائر، 2013.

**رابعا: المجلات:**

24. د. ارواء فخري عبدالكريم، الحقوق السياسية لأكراد العراق في الدساتير الوطنية والاتفاقيات الدولية، المجلة السياسية والدولية، تصدرها كلية العلوم السياسية بجامعة المستنصرية، العدد: 17 ، 2010.

25. د. خميس دهام حميد، الحقوق والحريات السياسية – دراسة مقارنة بين المواثيق الدولية والشريعة الاسلامية، مجلة العلوم السياسية، تصدرها كلية العلوم السياسية بجامعة بغداد، مجلد 17/ العدد: 33 ، 2006.

26. د.شيرزاد احمد نجار، كرامة الانسان كقيمة دستورية في الدساتير الحديثة، القانون الاساسي الالماني لعام 1949 أنموذجا، مجلة قضايا سياسية تصدرها كلية العلوم السياسية بجامعة النهرين، بغداد، العدد 53، 2018.

27. لطيف عبد الحسين موسى، الحقوق السياسية للأقليات الدينية في الدساتير العراقية – دراسة مقارنة مع الحقوق السياسية لأهل الذمة في الفكر الاسلامي، مجلة المثنى للعلوم الادارية والاقتصادية تصدرها كلية الادارة والاقتصاد بجامعة المثنى، المجلد الخامس، العدد (1)، 2015.

**خامسا: المواقع الالكترونية:**

28. الموقع الرسمى لبرلمان كوردستان –العراق : https://www.parliament.krd/business/legislation/

29. ميثاق منظمة الامم المتحدة ،متاح على موقعها الرسمي على هذا الرابط: https://www.un.org/ar/sections/un-charter/preamble/index.html .

30. نص الاعلان العالمي لحقوق الانسان، متاح على الموقع الرسمي لمنظمة الامم المتحدة: https://www.un.org/ar/sections/un-charter/preamble/index.html

31. نص العهد الدولى الخاص بالحقوق المدنية والسياسية ١٩٦٦، متاح على الموقع الرسمى للمفوضية السامية لحقوق الانسان التابع للامم المتحدة: https://www.ohchr.org/AR/ProfessionalInterest/Pages/CCPR.aspx

**الحقوق السياسية في الدساتير الديمقراطية المعاصرة**

(دراسة تحليلية ومقارنة في مشروع دستور اقليم كوردستان/العراق)

**الملخص:**

اذا كان اعتراف أغلب دول العالم بالحقوق والحريات العامة من الاشياء الطبيعية والواردة بصورة عامة في دساتيرها، إلا ان الاعتراف بالحقوق السياسية ضمن دساتير الدول شيء آخر، لاسيما ان طبيعة الحقوق السياسية وممارستها لها انعكاسات سياسية، ولها تأثير سياسي ايضاً على طبيعة النظام السياسي. حيث تتغير كيفية صياغة وبلورة الحقوق السياسية في الدساتير حسب طبيعة الانظمة السياسية ومدى التزامها بالمبادىء الديمقراطية؛ وهذا يعني كلما وجدت هذه الحقوق بنسبة كثيرة في الدستور كلما عبَّر ذلك عن مدى وجود الديمقراطية للنظام وصيانته للحقوق والحريات.

بناء على ذلك تعد هذه الدراسة الموسومة ب(**الحقوق السياسية في الدساتير الديمقراطية المعاصرة** - دراسة تحليلية ومقارنة في مشروع دستور اقليم كوردستان/العراق) محاولة لتناول الجانب النظري للحقوق السياسية وماهيتها من ناحية وتناول هذه الحقوق في ضوء المعاهدات والمنظمات الدولية او الاقليمية من ناحية اخرى، كما تسعى لتحليل طبيعة النصوص الواردة حول قضية الحقوق السياسية في مشروع دستور اقليم كوردستان- العراق لسنة (2009)، مع بيان أهم الابعاد الايجابية والسلبية فيه بصدد هذه الحقوق المذكورة، استناداً إلى مقارنته بالدستور الدائم للعراق لعام 2005 وكذلك بعدد من الدساتير المعاصرة للدول الديمقراطية ايضاً؛ وهي دساتير كل من سويسرا والمانيا وكندا وكذلك دستور كوريا الجنوبية. وذلك بهدف عرض بعض الملاحظات والتوصيات حوله، بغية ان اللجنة التي سوف تقوم بوضع مشروع دستور جديد للاقليم او بمراجعة هذا المشروع ان تأخذها بالحسبان مستقبلاً.

عليه اذ وصلت الدراسة الى انه مع وجود مجموعة من الجوانب الايجابية المهمة بالحقوق السياسية ، إلا ان هذه الحقوق تحتاج إلى تطويرها واعادة صياغة بعض نصوصها في مشروع دستور الاقليم لأجل الوصول الى مستوى دساتير الديمقراطية المعاصرة.

Abstract:

If The Recognition Of Rights And Public Freedoms, And Their Entrenchment In Constitutions, By Most Countries Of The World, Is One Of The Natural Things, The Recognition Of Political Rights Within Such Constitutions Is Another Issue, Especially Since The Nature And Exercise Of Such Rights Have Political Repercussions, And Also Have A Political Impact On The Nature Of The Political System. How Political Rights Are Formulated And Crystallized In Constitutions Change According To The Nature Of Political Systems And The Extent Of Their Commitment To Democratic Principles. This Means That The More These Rights Exist In The Constitution, The More It Is An Expression Of The Existence Of Democracy And The Maintenance Of Rights And Freedoms.

Accordingly, This Study, Entitled (Political Rights In Contemporary Democratic Constitutions- An Analytical and Comparative Study in the Draft Constitution of Kurdistan Region / Iraq), Is An Attempt To Address The Theoretical Aspect Of Political Rights And Their Nature On The One Hand, And To Address These Rights In The Light Of International Or Regional Treaties And Organizations On The Other. Moreover, The Article Seeks To Analyze The Nature Of The Articles On The Issue Of Political Rights In The Draft Constitution Of The Kurdistan Region - Iraq (2009), Stating The Most Important Positive And Negative Dimensions, Based On Its Comparison With The 2005-Constitution Of Iraq And A Few Contemporary Democratic Constitutions Such As Switzerland, Germany And Canada, And South Korea. Finally, The Article Also Aims To Present Some Observations And Recommendations About The Draft Constitution Of Kurdistan Region To Be Considered By The Committee That Will Draft A New Constitution For The Region Or Review This Draft.

The Study Concluded With Affirming The Existence Of A Group Of Important Positive Aspects Of Political Rights. Yet, These Rights Need To Be Developed And Reformulated To Reach The Level Of Contemporary Democratic Constitutions

Political Rights In Contemporary Democratic Constitutions
(An Analytical and Comparative Study in the Draft Constitution of Kurdistan Region / Iraq)

.

Key Words:

- Political Rights.
- the Draft Constitution of Kurdistan Region.

Contemporary Democratic Constitutions.